# هەندێ بەستەی کوردی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
عەزیز گەردی



هەندێ بەستەی کوردی

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٢٧٠

AWER
Nawendi Awer

بابەت: فۆلکلۆر

کۆکردنەوەو ئامادە کردنی: عەزیز گەردی

چاپی یەکەم/ ٢٠١٥

دەرهێنانی هونەری ناوەوە: عەلی خەلیل هیدایەت

بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

نرخ: (٤٠٠٠) دینار

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٧٢) ی
ساڵی ٢٠١٥ی پێ دراوە

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان:هەولێر-پشت پارێزگا-بەرانبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی مۆبایل: 07504209495 - 07504242101

ئیمەیل : Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک: www.facebook.com/nawendiAwer

# هەندێ بەستەی کوردی

کۆکردنەوەو ئامادە کردنی

**عەزیز گەردی**

# وتەیەك

**خوێنەری بەڕێز،**

دیارە لە کەس شراوە نییەکە ئەمڕۆ کەلەپووری دەوڵەمەندی کوردیمان کەوتۆتـە بـەر هەڕەشـەی لێشـاوی بێئامـانی تـەکنۆلۆجیای سـەدەی بیسـتەم. تـەکنۆلۆجیا خەریکـە بـە لـەزو بـەز هـەموو رووی زەوی رادەماڵێو رەگو ریشەی رەسەنایەتی لـە بیخـەوە دەردێنـێو مۆرکی هەزاران هەزار ساڵەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەشێوێنێو لە قـالبێکی سـەیرو سـەمەرەی تـازەدا دەیانتوێنێتـەوە. سـینەماو رادیۆو تەلەفزیۆنو تۆمارو ڤیدیۆ... گەورەترین دوژمنی فۆلکلۆرو خەسیەتی رەسەنی نەتەوایەتین. با لـە خۆمانـەوە تەماشا بکـەین، لـەوەتی ئـەو ئـامێرە بێڕەحمانـە پەیـدابووینو بڵاوبوونەتـەوە، بـەزمو ئاهـەنگو رابواردنی جاران نەماوە، ئەم ئامێرانە هـەموو شتێکیان رامـاڵیوە. نـە

رابواردنی شەوانی درێژی دیوەخانەکان ماوەو نە بەزمو یاری حوجرەو تەکییەکانو نە گردبوونەوەو قسەی نەستەقو شیرینی بەر بەرۆچکەو سەر گۆڕستانو بن دیواری مزگەفت ماوەو نە زبارەو گەلەکۆیی و زرنگانەوەی گۆرانی ئیش کردن ماوە. کوان ئەو هەقایەتانەی حەفت شەو تەواو نەدەبوون؟ کوا مەیلو مەتەلو گەمەو حەنەکی بەر ئاگردانی شەوە سەختو درێژەکانی زستانانی کوردستان؟ کوا لاوکی سوارچاکیو قارەمانێتی باوکو باپیران؟ کوا شەڕە شیعرو نوکتەی شیرینو قسەی فێنکی حوجرەی فەقێیان؟ کوا گۆرانی ڕەسەنی دروێنەی بەکرەییو ساوار کوتانو ڕەوسە بڕ کردنو شەنەباو بان سواقدانو دەغل داکردنو...؟ کوا گەلەکاری خانمو خاتوونان؟ کوا گۆرانی مەشکە ژەندنو شەوە دەستاڕو لایلایەی بە سۆزد سەردوولکەی جەرگبڕو مەتەرێزەو بەللۆرەو بووکانێو...؟ کوا...؟ کوا...؟کوا...؟

برواینە، برادەرینە،

ئەم هەموو سامانە بە نرخە خەریکە خۆری لە کەل ئاوا دەبێو شوونی هەزاران ساڵەی دەبڕێتەوە. تاوانی ئەم تۆوبڕانەوەیش دیارە دەکەوێتە ئەستۆی نەوەی ئێستامان، چونکی هەزاران هەزار ساڵە رۆڵە نەبەزد مەردو دڵپاکو جوامێرەکانی ئەم نەتەوەیە ئەو هەموو سامانەیان

پاراستووە. سەری خۆیان دۆڕاندووە بەڵام سامان و گەنجینەی ناو ئەو سەرەیان نەدۆڕاندووە. کەچی ئێمە هەموو لە هەموو بە تیزو گاڵتەو کەرمتەرخەمییەوە دەڕوانینە ئەو سامانە بێپایانە کە لە ئاوزینگدان و گیانەلادایەو خەریکە وەك بەفری بەر هەتاو، لە بەردەم تەکنۆلۆجیای سەردەمدا دەتوێتەوە.

جا لەسەرمانە هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە، لە ناوچەی خۆیەوە، لە دەوروبەری خۆیەوە، چاکی لێ بکا بە لاداو شەو بخاتە سەر رۆژو چی لەو گەنجینەیەی کەوتە بەر دەست بیخاتە سەر کاغەزو کاسێت بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاریان بکا.

دیارە ئەگەر ئێستا ئەو هیممەتە نەکەین، زۆری پێناچێ، پیس پەشیمان دەبینەوەو پەشیمانیش داد نادا. دەکەوینە بەر تووك و نەفرەتی مێژووو مێژوویش بەزەیی بە هیچ کەسدا نایەتەوە.

دەبێ ئەوەیش بڵێین ئەو بەستانە هەموو لە دەشتی هەولێر باون: لە ناوچەی بەڕانەتی و مڵکیەو سەنیەو کەندێناوەو شەمامك و قەراج و... کەم و زۆر دەستکاریم نەکردوون. هەر بۆیەشە هەموو خەسیەتێکی شێوەی بنزاری سۆرانییان بە تەواوی پێوە دیارە.

سەرنجێکی تریش ئەوەیە کە دەشێ چەند دێرێک یان چەند بەیتێکی ناو ئەم نامیلکەیە پێشتر بڵاو کرابنەوە بەڵام هەڵبەت جیاوازی لە نێوان هۆنراوەکانی ئێرەو ئەواندا هەیە. با جیاوازییەکە کەمیش بێ. هەر بۆ نموونە بەیتی (کەریمو ستی) پێشتر دەقی تری لێ بڵاو کراوەتەوە. ئێمەیش لێرە سێ دەقمان تۆمار کردووە.

ئیتر ئومێدەوارم ئەگەر بە بڵاو کردنەوەی ئەم بەستانە ئیشێکی باشیشم نەکردبێ، ئیشێکی خراپم نەکردبێ. ئەگەر ئەم بەرهەمە سوودیشی نەبێ، زەرەر بە کەس نەگەیەنێ.

**عەزیز گەردی/ ١٩٨٤**

**سەرنج:** ئەم کۆمەڵە دەقە فۆلکۆرییە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو (سەدەی بیستەم)دا، کۆکراوەنەتەوە. نەمویست بفەوتێن. بڵاوکردنەوەیانم پێ باشتر بوو لە فەوتانیان.

# دەستەو دەستوانە

دەستەو دەستوانە

هەمووم دا لە ژوانە
هێشتا سەرگرانە

ئیشی بەر خەرکانە
لە ملانم ئاسانە
لە مارم تارانە

دەستەو ئەنگوستیلە
هەمووم دا بەرتیلە
هێشتا نەقاییلە

*

# بای شەمار

بای شەمار بە بوارێ
دەیدا لە گۆی گوارێ
خەو خۆشە لەگەر یارێ
بای شەمار بە هاوینێ
دەیدا لە رەندەی جۆخینێ
خەو خۆشە لەگەر هەمینێ
بای شەمار بە پایزێ
دەیداوە لە رواندزێ
خەو خۆشە لەگەر مامزێ
بای شەمار بە جستانێ
دەیدا لە پەلکی بیستانێ
خەو خۆشە لەگەر گوستانێ

*

دەنگۆ برۆننە شەماری
دەمەك دێ دەمەك نایێ
دەیدا لە گورینگی شۆڕێ
گوارەی دەینا سەمایێ

# ئەمان

ئەمان یارێ چت لێکردم
بە زولفانت زنجیر کردم
خوا هەرناگری وەت لێکردم

ئەمان یارێ چەند بە فێری
چاو کارمامزێ لە دوای خێری
بە خۆت دەڕۆی بە جێم دێری

*

# لەگەر توومە

لەگەر توومە لەگەرێتە

گەردەن مامزی بە قەرێتە

ئاقردار بووم لۆت بووم شێتە

لەگەر توومە ئەی عەنتابی

وەکی رۆمییان بە دۆرابی

لێم تەستیقە یارم نابی

لەگەر توومە ئەی فاتوومە

سینگ مەسینەی بە گومگوومە

خۆم قاوەچیم تۆم لازوومە

*

# هەر دەڕوا

هەروا دەڕوا شیلان شیلان
چارۆگەی رەش لە سەر پیلان
یان دۆستم بای، یان دەزگیران

هەروا دەڕوا لۆ سراوێ
زڕەو پۆیلەی دەکا راوێ!
دۆستی گرتییەو ئەتووی ناوێ

هەروا دەڕوا بناو بنە
سۆلی زەردی مەحسی چنە
خۆی لێمەدەن بێوەژنە

هەروا دەڕوا دەرێی پۆڕە
گوارەی ئالتوون لە گێی شۆڕە
توخوا چاوجوان در مەگۆڕە

*

## دانیشتیە

دانیشتییە بەرامبەرم
تیرەکی دا لە جگەرم
ئەشقی لەیلێ پەڕییە سەرم

دانیشتییە لە بن توێ
ئارووی دەخوا بە چەقوێ
سوبحانەللا تەبعم چوێ

*

## مانگ

مانگ لە عاسمان راوەستایە
ئەستێران دەورە لێدایە
یاری خۆمەو لێم تۆرایە

مانگ لە عاسمان رادەماری

جوانەك وا حەوشەی دەماری

ئی من بایە بە حەراری

چەند ئەستێرەی لە عاسمانێ

هەندەم خەنجەر دادەڕژانێ

یار لەوێ بوو نەموێرانێ

*

## کیژ

کیژەك هەیە لەو گەڕەکە

کراسی بەری ساف خامەکە

وەختە لۆی بم بە جوولەکە

کیژەك هەیە لەو مارانە

کراسی بەری ساف کتانە

وەختە لۆی بم بە دێوانە

دوو کیژ هەنە لە مارەکێ
هەردووکیان بێچووی سارەکێ
ماچی دەدەن بە ریالەکێ

سبیانەکێ گەر بەیانی
کیژان دانا کۆرو کان
سوبحانەللا چەندە جوانی

مەمکت دەگرم بە دەستی خۆم
شا هەرستیو قەیسەری رۆم
در ناهێلی لە کنت برۆم

*

## بەستەی رەزا شا

یاخوا رەزا شا جۆتە کورت بمری
قەت بووە ئیجباری لە کوردی بگری
ئەو خەزنەی هەتە کفنی پێ بکڕی

یا خوا رەزا شا زمانت لار بی

دەورەی زمانت بە هووردە خار بی

رۆژی رۆناکت بە شەوی تار بی شەوی

وەرنە سەرینم سەرینم سەنگە

بەرگی عەسکەری بە قۆرم تەنگە

لە راست رەزا شا زمانم لەنگە

وەرە سەرینم تێر بکە شینم

دەچمە ئیجباری نەکوو نەتبینم

داییمو سعات در بە برینم

لە قسان لەو خوارە ئاگربارانە

عەسکەری کوردی وا لە تارانە

یارێ خوا حافیز دەست لێك بەردانە

*

# جۆتیار

جۆتیار جۆتیارە جۆتیاری خاسە

رەببی لێت بشکێ گاسن‌و مساسە

سەرت برند کە یارت بناسە

جۆتیار جۆتیارە جۆتیاری ماندی

هێسترەکەت قۆڕە چەندی رەتاندی

خوات بە خورامی وەی هات لۆی مەعلاندی

*

# مەحموود

لە مارن را هات مەحموود بە گرانی

چەتاری چەقاند لە دەورەی خانی

تانی لە خۆدا بە دەزگیرانی

*

# پردێ رواندزێ

پردێ رواندزێ کاریتە مێوە

دیتم هەمینە کوڕ بە بەرێوە

داکت کۆرە بی ماندی بووی پێوە

پردێ رواندزێ پانو بەرینە

مارەکی لێنا گەلەك رەنگینە

سەرباریان تاسە، بنبار مەسینە

*

کوندەو کوندەران مار بە مارێوە

بەژنی برندە حەمایلەی پێوە

داکم بە خورامی ئەو زارو لێوە

*

# مەمکێ نازدارێ

مەمکێ نازدارێ دوو سێو دوو بێنە
دەستیان لێ مەدەن لە بن کەوێنە
ئاغە پێ بزانی خەرجەی دەوێنە

مەمکێ نازدارێ دوو سێوی ترشن
دەستیان مەدەنێ هەریان مەگوشن
ئاغە پێ بزانی خەرجەو قوروشن

مەمکێ نازدارێ دوو سێوی تارن
دەستیان لێ مەدەن هەریان مەمارن
ئاغە پێ بزانی خەرجەو ریارن

*

# سەرم چەند دێشی

سەرم چەند دێشی لە خۆم در کزێ
بەژن برندە چاو کارمامزێ
وا هات گەییە پردێ رواندزێ

چاوم چاوەڕێ لەو کەندو دۆرە
کەینێ پێدا دێ ئەو پەرچەم سۆرە
یان یاری خۆمە یان زەینم کۆرە

# هێوارە درەنگە

هێوارە درەنگە مانگا دەدۆشی
پێمگۆ لۆ ماچەك خۆی دادەپۆشی
پشتم لە پاش کرد دای بە دەروێشی

هێوارە درەنگە حەوشەی دەماری
پێمگۆ لۆ ماچەك خۆی هەردەماری
پشتم لە پاش کرد دای بە بەقاری

هێوارە درەنگە بە کۆرو کانی
پێمگۆ لۆ ماچەك چەند خانو مانی
پشتم لە پاش کرد دای بە گاوانی

هێوارە درەنگە دەچتە سەر کانی
پیمگۆ لۆ ماچەك گەلە سەر گرانی
پشتم لە پاش کرد دای بە سەپانی

*

## دەشتێ قەراجی

دەشتێ قەراجی بەر لە کەندێدا
سندووقەی گرانە چەکی زێڕ تێدا
چەك بە میرات بی یار لە بەندێدا

دەشتێ قەراجی شینی بە شینی
گوارەکەت زێڕە ئاورینگان دینی
یارم کرمانجە سەت ئاغەی دینی

دەشتێ قەراجی بەر لە مەغمووری
دوو کیژی چاوکار لەبەر مافووری
نەخشی دادەنێن لە تێڕو تووری

*

# ئەورۆ لە شاران

ئەورۆ لە شاران هەراو سەیرانە
تابوور بە تابوور عەسکەر هەستانە

کوڕێ زەردو سۆر قاقۆلیان جوانە
هەموو قومیسەر نەجمەی لە شانە

هەمویان سەوق کرد لۆ سەر بارزانە
مەلیک نەمینێ شا بە هەمبانە

*

# سوارێ لە هەوێ

سوارێ لە هەوێ، سوارێ لە هەوێ
پێ لە رکێبێ دەست لە جەرەوێ

ئەمن نامهەوێ چ کراس و کەوێ
دەمەوێ دوو سعات خەوێ نیوشەوێ

*

# شاکراغە

شەنگە هەی شەنگە شاکراغەم شەنگە
برینێ شاکراغەم دەمانچەو تڤەنگە
چۆغەری شاکریم بە قۆری تەنگە

برینێ شاکراغەم برینێ دەبانێ
برێنە ئەسمەرێ بێتە هەیوانێ
دەستەك لە نێکان ئێك لە گیرفانێ

برینێ شاکراغەم برینێ خەنجەرێ
برێنە ئەسمەرێ بێتە قەنتەرێ
لە شانشینان سەر بینتە دەرێ

*

# عەیشۆک و فاتم

عەیشۆک‌و فاتم یار بوون
پێمگۆ دەچنە کی ماری

دەستیَ خۆیان تێکدەگرت
دەچنە گەڕەکیَ خواری

شەوەك لە خەوێمدا بوو
کوشتنم هاتە خەیاری

دەستم دەدا تڤەنگیَ
ڕۆییم لە بۆ ئاقاری

یاریَ من کار مامزە
دەگاتە بن بناری

نیشانەکم لێدەگرت
لێمدامەزراند چەتاری

دەیگۆ چ تەقان نەکەی
چەند نەفام‌و منداری

وەرە دەمەك دانیشین

تەگبیرەو بە یەکجاری

هووردە گازاندان دەکا

فرمێسکی لێدەباری

پێمگۆ لۆچی عادزی

کەژیلەی کیژێ ساری

قەولە بیدەنە گولەکێ

شەوو رۆژێ دەناری

دەمگۆ لە بۆ من باشی

لە گولەی سەگباب خەساری

سەرم لە باغەرێ نا

سینگو مەمکم هەرماری

بۆنی شەمامان وا دێ

دەگاتە لای شەماری

دەستێ حەیرانێم دەگرت

دەمبرد لۆ بن بناری

بردمە گەرێیێ تاریکان
درێم خۆم لێکرد خاری

ئەشکەفتەك شارەزا بووم
خزمینە لە رێداری
دەستێ حەیرانێم دەگرت
دەچووینێ بە یەکجاری

تەقدیرێ خوای ئەوها بوو
رێم دەکەتە گۆپاری
لە نازدارەکم پرسی
کێیە مارێ موختاری

دەیگۆ هەتیم دەبرۆ
بەو شەوەی رێو باری
دەمگۆ پلکێ قەت ناڕۆم
هەورە لێمان دەباری

ئەمن دوعایان دەکەم
ئەنگۆش برێن سەت جاری

دەرێم رەببی هۆ پلکێ

ئاگرو بەردت لێباری

چت لە منو یارێ کرد

ماینەوە لە ئاقاری

بارانەکی وەی لێداین

نەمردین لە بێعاری

*

## هەی ئاغە

هەی ئاغەو ئاغەو ئاغە

چاوت پیارەی قۆنیاغە

بۆم تێکە جەرگم داغە

*

دوونێ دانێ هێوارێ

دوونێ دانێ هێوارێم

کورتەك بە رادان دایە

شاگرد بێ لە هەولێرێ

وەستا بێ لە بەغدایە

حەفت دەرزیلەی پۆرایی

لە کورتەکی پسایە

چاوت کۆرە بی وەستا

بە کەیفێم نەدروایە

ئەمن کورتەکم دەوێ

سەت لەپکەی لێدرایە

چەند ئاغەو بەگلەر لۆی دێن

هێشتا بابی نەیدایە

داکی زۆری پێخۆشە

دوونێ گفتم پێدایە

*

# ژوان

ژوانمان شێخەلا بێ
ڕۆژێ جێژنێ قوربانێ

تۆز لە عاردی برند بوو
دەگری چەرخێ عاسمانێ

قەت کەس چاوی نەبینی
لە بەر تەم‌و تومانێ

کێرووشکەکم هەردەستان
هێ برام لە گەرمەلانێ

بەستە باریکەی دەگرت
لۆ سەر تخووبێ ڕەشوانێ

لە کێندەر لە عاردیان دا
هێ برام لە بەربیانێ

ئەوێن کردە خۆرەپۆک
لەبەر گەوز گەوزانێ

هێ کچێ لۆچیت کوشتیمە

سۆرگوڕێ بێریوانێ

*

## رۆینت

رۆینت رۆینێ خاتوونان

لەرزینت وکی کەوێ

مەڕ چ دەکا لۆ بەرخێ

هەندەم یارم خۆش دەوێ

بە پێش ماریاندا دەچووم

لە وەعدەی نیوەشەوێ

بە دەستەکی ممبارەك

هەرمدەستان لە خەوێ

بە زمانەکی زۆر شیرن

دەیگۆ: لاوە چت دەوێ

جاجمو بالیفو بنسەر

هەموو بە جێمان لەوێ

# دەك نەمینم

دەك نەمینم نەمینم

دە هەرپەرە بتبینم

دیسان مانگە شەو داهات

لە پار داکت دەرینم

*

زارو لێوی تەنکە

لە بنی دایە مرواری

تەواو نابی قیمەتی

بینن خەزنەی خونتکاری

*

# یار هات

یار هات لەبۆ گۆوەندێ
خالیق چەند خان‌و مانە

یەك بی لە زینێ بۆتان
دەرێن لە کۆییەکانە

کاکە دەبزانن کێیە
دەرێن لە گەورەکانە

لێف‌و دۆشەك‌و بن سەر
رابێخن لە دیوانە

دانیشت بە گۆریەی چەلین
راما لە پەنجەرانە

هێوارێ مەغریب داهات
دەبووە باوو بارانە

دەستن کرد بە گفت‌وگۆ
بەحس‌و دەنگی قسانە

دەستم هاویشتە ملی

بە هیممەتی سوبحانە

خودا مەیلی وا لێبوو

پەنجەم گەییە مەمکانە

دەوم برد لۆ رووممەتی

چاوم کەت بە خارانە

چەند حۆری لە جەننەتێ

یاریش ئێکە لەوانە

لە راستە من گاورە

کێ دەرێ بوسرمانە

تیرەکی لە جەرگی دام

کزەم دێ لە ناو شانە

نینۆکی یارم رەشە

لە خەنەی عەجەمانە

بسكو پەرچەمی نەرمە

وەك بن باری تەیرانە

سوبحانەللا چەند سۆرە

وەک دمدووکی کەوانە

خوایە ئەوشۆ نەنکوژی

هەتا بەری بەیانە

گەردەنێ خۆ ئازاکەین

بە دۆستو برادەرانە

نەکوو دریان هێشا بی

ئەو دەرو جیرانانە

لە کن یارێ دانیشتم

دەمکرد بەحسو مەکانە

بسکی یارێم راکێشا

بە کەیفو بە سەیرانە

بە عام بە رێ بکەون

برۆن لەبۆ شارانە

تۆڕەکی دروست بکەن

لۆ بەژنێ لەعلی خانە

هەزار گورینگ بە دەفتەر
بپێچن بە سیمانە

تۆڕ لە سەر شلکە رانی
گورینگ لە سەر چۆکانە

بەو دەستوورەی ئەوا هات
خۆشی کرد ئەو سەیرانە

*

## بە پێش ماریان

بە پێش مارياندا هاتم
دانیشتبوو لەبەر نانی

بسکی بە جۆت با دەدا
کەتبووە سەر شلکی رانی

کلدانی خۆی تێهەردا
هاویشتمە بن گیرفانی

پیرەژنەکی زۆر مەکرۆ
پێش عالەمێی پێ زانی

سەت هێستری بارەبان

بار ناکرێ لە مەکرانی

سەت مەلای دوازدە عیلم

دەرناکەن لە عینوانی

چەند رۆژان لە دووی گەڕام

تازە لۆم دێتە خانی

دەستم هاویشتە ملی

دەهات بۆنی مەمکانی

هێشتا ئەو بەمنی دەگۆ:

کوڕە ئەتوو زۆرزانی

*

# داك بە خورامی

داك بە خورامیێ مێرگان بی
کیژ لێ دەچنە هەراران

حەفت ساران کەڕو لار بووم
لەبەر دەنگیێ خڕخاران

خۆزی یارەکم هەبا
لە ناو عێلی مام ساران

داك بە خورامیێ مێرگان بی
کیژ لێ دەچنە رێواسان

حەفت ساران کەڕو لار بووم
لەبەر دەنگیێ هەیاسان

خۆزی یارەکم هەبا
لە ناو عێلی برباسان

*

# نوونی شیرین کەلام

لۆم هاتییە لە دیوینێ

گەردەن کۆتری هاشمی

دوونێم دیت لە فڕینێ

حەجاجان لۆیان هینام

لە لای مەکەو مەدینێ

لێفو دۆشەك رایێخن

لۆی دابنێن سەرینێ

تەنکە لەوێ راوەستی

لێی بکا باوەشینێ

کەپرۆکەکی لۆ دەکەم

لەبۆ گەرمای هاوینێ

نایبنێرمە سەر جۆخینانان

لەبەر تۆزێ جۆخینێ

گۆتمێ بینە ماچت کەم

مێرەمێ پۆڕ نەخشینێ

گەردەن چیای بە هەوری

لە تۆزو لە غوبارێ

سینگت چیایێ سیپانێ

دایم بەفری لێ بارێ

گۆتم بینە ماچت کەم

خەجیلەی پلکە زارێ

*

## مێرەمێ مام فەقێیە

مێرەمێ مام فەقێیە

کورتەك لەسەر کەوێیە

پەرچەم رحانەی کیوی

چاو ئەستێرەی رۆژێیە

بەژنت کەرە عەنەفە

شین بوو لەسەر کانیێیە

سێبەری وەك ساباتی

لێ دادەنیشت فەقێیە

بە لارو لەنجەی کوشتم

مێرەم کیژی خەجێیە

*

## مارێ بابێ نوو

مارێ بابێ تووم لێنا

رۆین لۆ باقرتەیە

هێسترو بارگینمان بار کرد

مەڕ گەییە دیبەگەیە

سینگت تەختێ جاعێران

لە نێکت کەمبەرەیە

گوتم بینە ماچت کەم

مریەم خوشکێ هەمزەیە

*

مارێ بابێ تووم لێنا

رۆین لەبۆ کیستانێ

هێسترو بارگینمان بار کرد

مەڕو بەرخمان بەردانێ

شەدەکم لۆ هاتییە

لە شاری کرماشانێ

هەر چار لفکەی سورمەیە

یارم لە سەری نانێ

خۆزی دوو ماچم قەرد با

لە گەردەنێ کابانێ

*

## لە کێم دیت

لە کێم دیتو لە کێم دیت

دیتم لە بناری کۆیێ

یارم تاقمەی لە خۆدا

دەچتە پەرێزە جۆیێ

مەمکی راستەی گۆوایە

لەبەر هەرمی مەرۆیێ

ئاغەم چی لۆ نەکردم

هاوار حەماغەی کۆیێ

ئەوشۆ یارێ هەردەگرم

دەست دەکەمە برنۆیێ

بابم سولحم لۆ نەکا

دەچمە وراتی زاخۆیێ

دەتگۆ عەسکەری تورکە

دەچووە قشرەی زاخۆیێ

تیرەکی لە جەرگم دا

سێ جار دینم نسکۆیێ

*

لە کێم دیتو لە کێم دیت

لە بن قەناتێ بیرێ

مەمکی یارێم گچکۆکە

بە دوو پەنجان ناگیرێ

یارێ بە کێ دەشبێنم

بە خانزادی هەریرێ

چاو کارمامزێ دو مانگی

دەڕوا لۆ لای جزیرێ

تیرەکت لە جەرگی دام

بابانت بە قوڕێ گیرێ

هێ کچێ لە کۆرم گەڕێ

خۆم داوێمە دوڕ بیرێ

*

لە کێم دیتو لە کێم دیت

دیتم لە نۆغەرانێ

دەستن دە ملێ ئێکدی کرد

دەستن کرد بە گریانێ

چاورەش لۆ وها عادزی؟

بابم دەچتە کیستانێ

بە هەنجەتێ بزنەکێ

ئەمیش دەچمە کیستانێ

*

## مەحتێ یارێ

لۆت دەکەم مەحتێ یارێ

مەحتیشی هەر وهایە

لە بەینی هۆردوو مەمکان

مامزەکی لێ نووسرایە

کوڕ پێی دەرێ بلەورە

لە زێڕی داڕژایە

چەند کۆترۆکەی بەقاران

هەمووی بە گۆر لێدایە

دەنگۆ بڕۆننە حەیرانێ

قولابی لە کێ دایە

دەستوانەك لە دەستی

قل قلی کارەبایە

دوو جۆت بازنی لە دەستی

ناوی خۆی لێ نووسرایە

تاسەکی زێڕ لە سەری

شەوقی وەك ڕۆژێ دایە

ئەمن دوعایان دەکەم

ئەنگۆش بڕێن سەت جاری

دەرێم ڕەببی هۆ پلکێ

ئاگرو بەردت لێباری

چت لە منو یارێ کرد

ماینەوە لە ئاقاری

*

خزمینە گێو لە من بی

مەحتو لۆ دەکەم بە در

رووت کوریکی نیسانێ

چی وهام نەدیت سۆرە گور

وکی یار لە حزوور بی

بۆنێ نادا قەنەفر

*

خزمینە گێو لە من بی

لۆوکەم مەحتێ دلبەرێ

پەرچەم سۆری سێ چینە

داڕژایتە سەر کەمبەرێ

چ جوانی ئەوهام نەدیت

پاشی خاتوون ئەسمەرێ

مەحبووبی ئەوها لایق

لە تاورێ بێتە دەرێ

ئیغبارم لە کاردا بوو

تێپەڕیم گەیمە سەرێ

*

# کاولە سەفین

کاولە سەفین برندە

لێمدەڕۆنتە حوجرانێ

بەژنێ باریک ژیکەلە

مامزە لە بەربیانێ

هیزارەکم لۆ دەکڕی

هەرمگرت لە توکانێ

یار لە عەردی دەکوتا

زیزەو لە سەری نانێ

*

کاولە سەفین برندە

لێمدەڕۆنتە هەولێرێ

بەژنێ باریک ژیکەلە

مامزە لە گوندی دێرێ

ئەورۆ حەیران مێوانە

یاخوا مێوان بە خێرێ

یارێ مەنجەرت هەگرە

لۆ کن دارێ سەربێرێ

*

## تاتێ کانی

تاتی کانی چەند لێژە

لێم هەرات گەلاوێژە

کیژان لێکرد نوێژە

یارێ من بای لەمێژە

*

# گردی گردمەلای

گردی گردمەلای کاولێ قەپرانی

مارەکی لێنا دوونێ بەیانی

گردی گردمەلای بە دار هەنجیرە

عەلی گاز دەکا برایم سابیرە

وەرە دانیشین بکەین تەگبیرا

تالعێ منو توو شێخ مەحموود گیرا

*

# کەزی خانی

کەزی خانی بیستو ئێکە

لە سەر ملان چەندە رێکە

کەزی خانی بیست دووە

لەسەر ملان هاتو چووە

کەزی خانێ بیستو سێیە

لە سەر ملان چەند بە جێیە

کەزی خانێ بیستو چارە

لە سەر ملان هارو مارە

کەزی خانی بیستو پێنجە

لە سەر ملان وکی وێنجە

کەزی خانێ بیستو شەشە

لەسەر ملان مشەوەشە

*

## رۆژەك لە رۆژان

رۆژەك لە رۆژان سەر لە سبیانێ

یارم راوەستا لە زار هەیوانێ

بە سینگی سپی دەکا کوتانێ

بە دوو چاوی رەش دەکا گریانێ

لۆچی دەگرییێی کیژۆرە جوانێ؟

چ کراسم نینە پێ بکەم دیلانێ

کراسم دەوێ نە کورتو نە درێژ

لە راستی مەمکان هەرقەنو بکێش

لە راستی پێیان بڕێژ هەی بڕێژ

*

## خۆ من باردار نیم

خۆ من باردار نیم بە بار بفڕم

خۆ من مەعنەگ نیم کێوان ببڕم

بچمە میسرو شام کراس بکڕم

دیتم دەرارەك کراس دەگێڕی

مامرەت بە مامرەت بە پێنج سەت زێڕی

تێبردرایتەوە قۆرو گروێری

*

# لۆ مارێی دەبردمەوە

لۆ مارێی دەبردمەوە

یارێ پەنەم لێدەکا

تەعجووبیم لە خۆ دەما

یارێ لۆ وەم لێدەکا

لە ژۆرێ دادەنیشتین

یار نسحەتم لێدەکا

بابم گەلەک عینادە

داکم لۆ توو حەز دەکا

کوڕە عالەم دیارە

بیژی پڕکێشم مەکە

نسحەتی منت لە گێ بی

قسێ خۆت لۆ کەس مەکە

*

# دەچمە بن بێراییێ

دەچمە بن بێراییێ
لەو بێراییێ لە شرینی

مەحبووبەک دانیشتییە
بە پێ لانکێ دەژینی

لایلای لۆ کوڕی دەرێ
ناوی خوای لەگەر دینی

بای لە شابسکان دەدا
لە خەزێمی دارینی

هەر ماچەکی حەیرانێ
ئاکرەو ئامێدییان دینی

*

# حەز لێکردنێ کیژۆران

حەز لێکردنێ کیژۆران

وەك کۆتری تەقرەبازە

حەز لێکردنی بێوەژنان

دەرێی داوە بەرازە

حەز لێکردنی سووکە ژنان

دەرێی قورینگو سینە

*

# هێ برام

هێ برام ماچێ کیژۆران

چ بکەم تام شەکری لێدێ

دە وەرە ماچی بێوەژنان

سپرو سەردرت پێ دێ

*

## گەردەن دەرێی بلەورە

گەردەن دەرێی بلەورە

roومەت پەلکی بیزایێ

دەچووە مارە جیرانان

بە لەنجان شەقاو داوێ

ریشێ سنجاقێی شۆڕن

لەگەر دوگمان پێك نایێ

*

## ئەو سەفەرەم

ئەو سەفەرەم سەفەرە

لۆ دیبەگەی بە خێری

یارم رەیسێ کیژانە

دانیشت ئەمری دەگێڕی

مەمکت فنجانی قاوەی

سینگت سعاتێ زێڕی

لۆچی نەبمە قاوەچی
لە بۆ ئەرگێڕ وەرگێڕی

*

وا دەڕۆم لۆ بازێڕی
چاوم کەت وە گوار زێڕی

سەدای ئەو کچەی لێدام
لە دینم وەردەگێڕی

*

هاتم لە لای کۆرانێ
بەسیە ئەو مەکرەی دانێ

چ جوانی وەك تووم نەدیت
لە مرکییەو لە دیوانێ

ئەو سارەکەم لێ بچی
لۆ خۆت دینم جستانێ

*

راوەستا لە حەساری

وەك نووشتی چاوزاری

گۆتمێ بینە ماچت کەم

داکت لۆ من چ ناری

*

هەوران تێکیان راخوڕی

مەمکان کراسان هەردڕی

گۆتمێ بینە ماچت کەم

بە جێی هێشت لانکێ کوڕی

*

وەی لە دووروە وەی لە دوور

یا مووسای سەر کێوی توور

ناردم لۆ کل‌و کلدان

لۆ چاوی توو زارا سوور

*

خەمخۆرو نازەنینم

خیناو دێ لە برینم

لە سەر پشتی لانکێ بووم

ئەشقی چاوی هەمینم

*

## ئەمن و عەلیبە

ئەمن و ئەو عەلییە برابووین

لەو دوورگەی کەرماشانی

بەژنێ باریك وا رۆیی

دەرێی گورێ باغانی

حۆری لە بهەشتێ زۆرن

یارێ، ئێکەك لەوانی

قەتاری کیژان لێنا

ئەورۆ لەگەر بەیانی

دەستیان دەدا مەنجەرێ

دەگرن دەراوو کانی

یار لە کۆڕێ دێتەوە
بەخۆم دەبمە مێوانی

لبادەکی رادێخست
شانم دەدا بە شانی
دەستم داویشتە ملی
پەنجەم گەییە مەمکانی

یاخوا بەدکار کۆرە بن
سەریان کێشا لە خانی
داکێ یارێ گوڕوو بی
وەک سەی بن کوندەرانی

کولکەکی لە گەرووی بێ
لێی ئەستوور بی هەوکانی

بە قوربانی یارم بن
چەند پیرەژنی زەمانی

*

# ماندیە

ماندیە هەی ماندیە

یار زیزەو زۆر ماندیە

لەزگە دەعیەی لێبدا

لۆی دێنە داخوزازیە

بابێ یارێم گەوادە

نامداتێ بەوەندیە

گەیمە نازدار حەیرانێ

لە کەندێ پشت گوندیە

دەیگۆ وەرە کن بابم

بابم چ عەیبی نییە

ئەگەر بابم نەیداییێ

سەری دەکەم نەوییە

دەستێ حەیرانێم دەگرت

دەڕۆم لۆ ناو خێرییە

سەت مارن لە سەر کۆزێ

دەفترم لێگرتییە

سینگی یارێم قەراتە

چەند وەستام لێگرتییە

*

## هاتیمە لەلای شیرێ

هاتیمە لەلای شیرێ

مەمکت وەکی پەنیرێ

گەردەنم لۆ هەرکێشە

بابانت بە قورێ گیرێ

یارێ بە بیرت نایێ

ماچێ لە بن هەنجیرێ

یارم چاو کار مامزە

بە بەدکاران ناگیرێ

# هەی لاوەلاوە

هەی لاوە لاوە لاوە

لاوەم چەند بە درو داوە

هێ کچێ لۆچت کوشتیمە

کارمامزەکەی بێراوە

چەفیەکی لەسەر رانی

چەند جوانی با دەداوە

دەستەکم لێهەروەشاند

بە خۆی عیشارەی داوە

دەستم لۆ مەمکانی برد

وەك خرچەی پڕ لە ئاوە

*

هەی لاوە لاوە لاوە

یارم چەند بە درو داوە

یار لە بێرییان گەڕاوە

هەنجەت بە کارێ ساوە

بەرپێنەکم دەدایێ

سەراو پێش بەرم داوە

بسكو سمێر تێکەر بوون

وەك حاجیلەو لاولاوە

*

هەی لاوە لاوە لاوە

لە بەری دەمرم لاوە

ئەورۆ چێشتەکی قایم

گای لە جۆتی هیناوە

لە تەویلەی دەردینا

هەسپێ بە زینو لغاوە

لاوەم بە تاقە سواری

تارانی دەگێڕاوە

*

# لاوەتەگبیرت چییە

لاوە دەچییە هەولێرێ

بزانم دیارییێ توو چییە

سەت دینارت دەدەمێ

لەو مۆری عوسمانلییە

دەیدەم بە سیمو ئارمووش

لۆ گفکەی مافوورییە

کلدانەك لەگەردا بی

تێهەردەدا دەرزییە

لە ملێ نازدار حەیرانێ

چەند مەرجانو مۆرییە

حەمایلەی تێکەر دەکرد

ناوە ناوە نووشتییە

خوایە بە نسیبم کەی

ئەگەر ئەمری رەببیە

چ بکەم داکی دەماتێ

بەران بابی یاغییە

*

دوونێم چاو بە یارێ کەت

دەچوو لۆ گور چنینێ

سەلامەکم لێدەکرد

ماندی نەبی هەمینێ

نەخۆشەکی گرانم

کەتیمە ناو نوینێ

لۆم برێنە مەلایان

بێن بخینن یاسینێ

لۆم برێنە کیژۆران

با بکەن رەفتو رۆینێ

لۆم برێنە داکی یارێ

لێم بکا باوەشینێ

دەردم گەلەك گرانە

مردن خۆشترە لە ژینێ

*

دەچمە دەشتێ قەراجی

لە من بە قورینگو قازە

دەچمە مارێ بابێ توو

دەرکەیان بە پەروازە

پێمدەگۆ لۆ ماچەکێ

داکی دەیگۆ بیخوازە

شۆڕەو پۆیلەی لە خۆدا

دەڕوا بە خانو مانی

گۆتمێ بینە ماچت کەم

چاوکار لۆ وها کم زانی

گەردەنت گەلەك کێلە

سوبحانەللا جوانی

# هەدارە

هەدارە دارە دارە

داری شین بووی لە بنی

داری سەرکەندەشینی

بای لێدا دەیهەژینی

هەرچی یارم دەخوازی

خێر لە عەمری نەبینی

هەدارە دارە دارە

داری شین بووی لە چۆمان

کەزیلەت ماریێ ئاویێ

جیگرەی دەخوا لە گۆمان

سەبارەت بە چاوی تو

کەتمە بن باری لۆمان

هەدارە دارە دارە

داری عالەم لە بنە

با لە توو بمری مێردو

لە من بمریتن ژنە

مەلای سۆربەشی بینن

مارەت بکا لە منە

هەدارە دارە دارە

داری سەر جۆگەو ئاوان

حەسوودیانت پێ نابەم

ببیە میرێ خۆشناوان

دوو برۆی تاقی مووسرێ

ئەمنی کوشتییە بە چاوان

هەدارە دارە دارە

یارێ، بەژنت چ دارە

یار لە عالەمێ دیارە

دایم تیلاکی خوارە

وەرە ماردداریکەرێ

گیانە رەنج بە خەسارە

# هێ برام

هێ برام نازدارەك وا دێ
کراسی چیتی تەونینی
سینگی گەلەك سپییە
روومەت وەك بەفروخینی
پێمگۆ بینە ماچت کەم
بە ناز چاوان هەردینی

هێ برام نازدارەك وا دێ
بەژنی کورتە عادەتە
سینگی گەلەك سپییە
مەمکی دەرێیی گومبەتە
گوتمێ بینە ماچت کەم
لێمبووە دیدار حەزرەتەت

دەست لە یارێ بەر نادەم
پیرۆزو خان‌و مانە
پیرۆز گەلەك جوانە
چاو بە کل‌و دەرمانە

دەچووە مارە جیرانان

ماریان وا کەپرانە

دەنگۆ برۆننە بەدکاران

چ قەوانیان دانایە

دەنگۆ برۆننە راوکەران

چەند رستیان تێبەردایە

جاعێر بووینە فنتازی

بێوەژنیان هینایە

دەروا بەڕێو پشت رێیە

ئاوێنەی دووڕووی پێیە

ئەو شۆ شەوی جۆتێیە

قوڕ بە سەری تاقێیە

رەببی رووی داکی رەش بی

مێردەگولەی زکچووی لێیە

هاتە خوارێ بە تیژی

سینگت بەفری گژنیژی

دوونێ دانێ هێوارێ

یارەکم گرت بە کیژی

پێمگۆ لۆ تەنیا ماچەك

دەیگۆ لێمگەڕێ بیژێ

*

# هانای وەبەر خوای دەبەم

(١)

هانای وەبەر خوای دەبەم

دوومین وە بەر رەببە

هەر وەك شێتو دێوانە

هیچ هۆشم لە خۆ نییە

حەزم لە کیژەکێ کرد

مەحبووبەی ئەوها نییە

لە رەفتو لە رۆینێ

وێ دەچیتن گەردییە

لە دوگمەو سەرو تاسی

ئەمن دەرێم کۆییە

لە پێشن دەبووە تاوس

نازدار خۆی نەگۆڕییە

کاکەینێ گێو لە من بی

بەندێ من بە کوردییە

ئەوەی خوای لێ گۆڕی بی

لە کنی وەیە تورکییە

دەستم لە بۆ ئێقەی برد

هیچ سنجاق لەوێ نییە

بە خۆشیو بە ناخۆشی

هەرمکێشا دەرزییە

کاکە بڕۆننە مەمکانی

وەك لیمۆی مەندەلییە

توخوا دەستی لێمەدەن

کارکەو نەگەییە

(٢)

هانای وە بەر خوای دەبەم

خالیق هەر تۆی لە سەری

ئاشقێ کیژەکی بوویمە

سەودای دامە لە سەری

بە چاوانی کوشتیمە

لە خۆی کردمە مشتەری

لێوو زاری تەنکە

دەبنی دنکە مرواری

بە خۆم گەیشتمە یارێ

سبەینەکی سەحەری

بەژنی گەلەك برندە

سینگی تەختەی خونکەری

(٣)

هانای وەبەر خوای دەبەم

دوومین وە بەر سوبحانی

سینگی دەرێی پەنیرە

قابیل بە شا کرمانی

مەمکی گەلەك تەمیسە

لە میسالی فنجانی

لە سەر دەستی قاوەچی

با بگێڕی لە دیوانێ

ئاغەو وەزیرو نۆکەر

پێ بکەن سەرترنجانێ

یار هات لەبۆ گۆوەندێ

کیژ هات لە بۆ دیلانێ

کەمبەرو گوارەی چارگۆ

دەستیان کرد بە لێکدانێ

چار پوولەکەی لە تاسی

خۆیان دەدا لە سانی

چەند کەسی بێهۆش هێخست

کەتن لەوێ مەیدانێ

لە درم زۆر ئێقینە

ئێك ناگەنە سبیانێ

یار لە گەروان وە دەر کەت

عالەم هاتە سەیرانێ

لەبەر چەلەنگی دلبەر

دنیا هاتە هەژانێ

نەمدیت لەوی لایقتر

لە سەر روووی دنیایێ

دادەییسێ وەك ئاگر

دەسووتێو بنی نایێ

وەك فەنەرێ دەسووتێ

لە میسالی چرایێ

خەزێنەی لۆ دەشکێنم

تەواو نایێتە رایێ

(٤)

هانای وەبەر خوای دەبەم

دوومین وە بەر ئەللایە

خوایە لە زۆری سەری

حوکمی چۆلو بەرِیایە

حەزم لە کیژەکی کرد

سەر چەنەگەی کوترایە

مەمکی دوو دۆمبەرانە

بە جۆتە هەریان دایە

قۆرتێ لە خوار گەردەنێ

مامزەکی تێ نووسرایە

پرسیم: لۆ وها عادزی؟

گۆتی: کلم نمایە

لێوم دەگەست هەی نەفام

لۆ خەبەرت نەدایە

هەتیم دەبرۆ لێمگەڕێ

عالەم لێن بە ئاگایە

کیژ چوو لۆ مەڕ دۆشینێ

تومەز باران و بایە

لەبەر زەبرێ شەماری

سنجاقی ترازایە

عەکسی بوارێ گەرمە

جۆت شەمامەی گۆوایە

خرچخارەك لە بەرەكێ

پاشپانی ئەزیەت دایە

دوو پیارەی گۆر سۆرم دیت

سەراو بن داندرایە

یارم هیچ عەیبی نییە

بڕەك كورتە بارایە

ئەویش بە عەیب ناشێ

چونكە نەخشی خودایە

(٥)

هانایێت وە بەر دەبەم

دوومین وە بەر ئەو دێیە

ئەشقی نازدارێ لێیدام

چاورەشێ كیژی عەیشێیە

بەژن و بارای برندە

شیرن لێی دێ كەوێیە

كراسی چیتی كتان

لە بنیدا زەردەبێیە

سینگت تەختی شا عەبباس

دوو گۆی ئالتوونی لێیە

بڕۆننە گەریێ گەردەنێی

بە سێ ڕێز خاری لێیە

دو برۆی رەشی قەرەمکێش

لە سەر چاوی لەیلێیە

(٦)

هانایێت وە بەر دەم

دوومین وە بەر ئەللایە

دەستێ نایلە جوانێم گرت

لۆ دروونەم هینایە

روومەتێ نایلە جوانێم

دەسووتێ وەك چرایە

مەمکی دوو سێوی لاسۆر

لە قەنەفرێ گیرایە

پێمگۆ بینە ماچت کەم

دەرێ مەیلت گۆڕایە

شەگەو گوندێ زاییڕی

لە سەر ڕێی کۆچو خێری

نایلە گەلەك جوانە

کارمامزێ لە دوای خێری

ئەوڕۆ گەلەك نەخۆشم

نایلە بێتن بمشێلی

هیزاری لە سەری نا

دەیبەست دەسرێ واوێلی

خۆی لە حەوشەی شاردەوە

سەلامان بە جێ دێلی

حەمشی گەلەك بەرازە

یاخوا بمری بە هێڕی

زایر گەلەك گەووادە

نایدا بە پێنج سەت زێڕی

(٧)

هانایێت وە بەر دەبەم

دوومین وە بەر سوبحانی

ئەشقی نازدارەك لێیدام

بێریێ برایم رەحمانی

گەردەنت ماینێ بەحری

لە ناو عێلو عوربانی

قۆندرەکی لە پێدا

دەکوشیتن پەنجەو پانی

ناواغنی قوندرەی

ئارمووشی هیندستانی

گوارەکی لە گێدایە

ساف لە زێری زەمانی

هێ کچێ لەبۆ چت کوشتم

بێریێ برایم رەحمانی

(٨)

هانایێت وە بەر دەبەم

پاشای دەشتو دنیایێ

چەند غەفوورو رەحیمی

نازدارت لە لیقایێ

مەجنوونم وەک سلێمان

لەیلم وەک بەلقیسایێ

وەک فەرهادی لە چینێ

عەبداری دوو لەیلایێ

شاییرەکی غەریبم

لە درم هەرکەن چرایێ

چونکو هێشتا مندارم

کیژ پێم ناکەن بەقایێ

لە تاریکێم هەردەگرت

لۆخۆم دینا رۆنایێ

سینگ دۆشەکی خوراسان

لۆم هات لە خوار بەغدایێ

دەیبەن لەبۆ میناغەی

رایدێخی لە سەرایێ

هێ کچێ لەبۆ چت کوشتم

چاو کارمامزێ لەیلایێ

رنگەی قەزانگان خۆش دێ

غرمەی بن کەوشان نایێ

چونکی هێشتا مندارم
عەبداری دوو لەیلایێ

(٩)

هانایێت وە بەر دەبەم
دوومین وەبەر رەبییە
دوونێم چاو بە یارێ کەت
دەچووە چیوەی ژێرییە
بالیسان گەلەك خۆشە
سەرپشتیان لێ بەستییە

کراوی رواندزی
کراسی شکاکییە
لەبۆیێ خۆشم دەوێ
دەستووری هەولێرییە
بەندەکم لۆ بەرداوە
یار هەروەستەی کردییە

هەروەك مامزێ قەراجی
دەرواتن کۆترییە

شیرنیٚ چەند پان‌و پۆڕی

خرِخار لە بەرەکییە

بسکی بە جۆت بەرداوە

لۆ سەر گۆییٚ مەمکییە

(١٠)

هانایێت وەبەر دەم

دەردیٚ لە درم گرانە

مۆری‌و مەرجانی هووردن

هاتنە خوار لۆ مەمکانە

چاوی رەش‌و بەرەکی

پڕ لە کلی سوبحانە

نیو هۆقەم لە بەر دەنا

بە تەرازووو میزانە

بسك هەروا لە عاردی

نیو هۆقە لە عاسمانە

بە مەزەندەی جاعێران

هێشتا بە لای بسکانە

بۆنی قەشك‌و قەنەفران

رۆیی لۆ حەفت گوندانە

خوایە پیرەژن بمرن

بە کوڕان دەکەن بوختانە

هێ کچێ لۆچت کوشتیمە

چاو گچکەی روومەت پانە

*

## سەرێ من دێشی

(١)

بابە سەرێ من دێشی

درێ من دەکا ژانێ

حەیفم لۆ کەندێناوەی

چۆل بوو ئەوسار جستانێ

دەغرو دانیان لۆ نەهات

مەڕو بەرخیان بەردانێ

خێری دزەییان لێی نا

بەروە کێلی کیستانێ

گەیمە راستی باداوان

دوونێ دانێ سبیانێ

سەرێ خۆم برند دەکرد

چاوم کەت بە حەیرانێ

ئاوێنەی لۆ دەردینام

جۆتن لەگەر کلدانێ

ئەوی دەرێ شایەرم

بابێ ئەو بەندەی دانێ

(٢)

بابە سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم دەناری

دەچمە چیای قەرەچووغی

ناو دارو لێرەواری

بریا بە خۆم باج گربام

لە سەر رێی کەنداری

لە کیژۆرە بزەییان

لە دوو کۆچ و کۆچباری

(٣)

کاکە سەرم زۆر دێشی

دەردێ گرانم شەوێیە

دووربینم دا بەر چاوی

ڕۆنیم ئەو زێو ئەو زێیە

لە گوندی چوومە دەرێ

گرتم عارەبە ڕێیە

تفەنگەکم لە مستی

خەریتەم لە پشتێیە

دوو ڕەختەی پڕ لە شانی

دەمانچەم لە نێکێیە

دەچمە قەراتە سۆران

دەرێن مەرجانی لێیە

دەچمە کاولە قەشقۆرەی

برادەرەکی لێیە

سوعالەکم لێ دەکرد:

ماری یارم لە کێیە

ئەو تەعریفەی لۆ کردم:
بگرە عارەبە رێیە

بە پێش ماریاندا دەچووم
هەروەستەم کرد لەوێیە
ئەو قەمتەرەی وها شین
بەری وا لە رۆژێیە

کە زەینێ خۆم دەدایێ
یارم وا لە حەوشێیە
سەلامەکم لێ دەکرد
کیژەکی زۆر بە جێیە

جغارەکم دەرهینا
ئاگری نامە مستێیە
بە چەرخی لۆم پێناکا
شقاتەی موومی پێیە

بۆنێ بەنزینی گرانە
دەیگۆ لۆ من بێجێیە

رووی برقێنەی ئاوێنەی

شۆقی وا لە مووسرێیە

ئەحواری پێکمان پرسی:

یارێ بابت لە کێیە؟

بابم وا لە هەولێرێ

کاکم وا لە مرکێیە

دەعوای ماچەکم لێ کرد

عینادەو نەیدا رێیە

(٤)

کاکە سەرم زۆر دێشی

دەردێ لە درم بەرایە

روومەتی ئەو نازدارەم

وەك لۆکس‌و چرایە

دەستێ یارێ خۆم دەگرت

دەمبرد لۆ کن مەلایە

قسەی درێ خۆم لۆ کرد

مەلا نەیدا فتوایە

هەرمکێشا دەمانچەی:

دەتکوژم بەو خودایە

سێ دینارم بەرتیل دا

هەر سێکم بەرتیل دایە

بەرتیل بەردی نەرمە کا

بە مەلای فتوا دایە

سینگی ئەو زالمەم سپییە

وەك پەمۆی پەڕەکرایە

دەترسێم بمرم خوایە

لە خۆشیان خەوم نایە

کە سەرێ خۆم برند کرد

عزرائیل راوەستایە

هەستام دوو رکات نوێژم کرد

چەپارەم دەی خودایە

ئەمن هێشتا مندارم

تازە ژنم هینایە

نە دەقیقەو نە سعات

بە قل رووحت نمایە

خودا بە خۆی دەیفەرموو:

هێشتا روحی زۆر مایە

(٥)

کاکە سەرم زۆر دێشی

خەم لە درێ من بە برینە

لە نهۆمان بە سەر کەتم

داکو کیژ دانیشتینە

سەلامەکم لێ دەکرد

یارم ناوی هەمینە

گۆتمێ بینە ماچت کەم

بە ناز چاوی هەردینە

لار بم لەبۆ جاعێران

ئێکەکیان دیار نینە

لۆ خاتری برادەران

چەند بەندم هەربەستینە

(٦)

کاکە سەرم زۆر دێشی
خەم لە دڵێ بە برینە
ئەو خەندەکی غەلیفەی
دایم بە قورینگو سینە

دوو تەیر وا دەخینن
ئێك بازەو ئێك شەهینە
چەند ئیختیارێ لە گوندی
لۆ داخوازیم ناردینە

بابێ یارێم پیاوە
کچەی پێشکەش کردینە
چەند جاحێری لە گوندی
لە حەژمەتان مردینە

(٧)

هێ برام سەرێ من دێشی
دەردی لە درك دەبێژێ

ئەشقی نازدارەك لێدام

ماریان وا لە کارێزێ

چەندم یارێ دەعەملاند

لە سەر ڕێیێ پەرێزێ

پێمدەگۆ لۆ ماچەکێ

خۆی داوێتمە هامێزێ

سنجاقەی وا لە زیێ دا

دوگمەی وا دەکا ڕێزێ

کراسەکت لەبۆ دەکەم

ئەووەل چیتی شاربێزێ

مەمکت پیارەی عەجەمی

لۆم دێتن لە تەورێزێ

جاعێر لە قاوەخانان

دایدەنێن لە سەر مێزێ

ڕۆژێ دوو جار نەتبینم

دنیام لەبەر دەبێزێ

وەك بەرخێ دەباعێنم

لۆ داکی لە هەوێزێ

(٨)

هێ برام سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم دەکاوێ

بە ماجیدی هەر دەرێم

وا لەسەر کەندیناوێ

کیژیان گەلەك جوانن

بە جۆت دێنە سراوێ

بسكو پەرچەمیان سۆرن

تەڕ دەکاتن خوناوێ

بەژنێ یارێم برندە

هەروەك گوری لاولاوێ

چاوکارم گیشەکەرە

رەش بوو لەبەر هەتاوێ

روعبە دینارەکم نارد

لۆ شووشەکی گوراوێ

دینارەکم رەوان کرد

لۆ سۆراوو سپیاوێ

تاقمێ شاییێ لە خۆدا

دەچوە مارێ پێناوێ

ئەگەر ئەمن و توو یەك بین

چ پێناومان پێناوێ

هێ کچێ بە فکرت نایێ

لە زەوییێ سەرو چاوێ

بە خۆت گازی منت کرد

ئەو نارنجەم لۆ باوێ

(٩)

کاکە سەرم چەند دێشی

هێ برام لۆ وها مەغرووری

مارێ حەیرانێم لێنا

ئاوا دەبوون لە زووری

چیغو رەشماریان هەردا

لە بنەی کاولە مەغمووری

لە بەینێ هۆردو داران

دەبڕی گورینگێ مافووری

پێمگۆ بینە ماچت کەم

دەیگۆ: هێشتا لێ دووری

ئەو سار سەرێ چەند سارە

چاو رەش لۆ وها مەغرووری

(١٠)

کاکە سەرێ من دێشی

هێ برام دەردی شەوێیە

قیڕەی دوو قورینگان وا دێ

لە چەمرگەی پردێیە

داکێ یارێم مەکرۆیە

دەیگرت دەوزێو دەوزێیە

راوکەر کەتنە بناری

خۆم گەیاندە رەوێیە

دەستم لۆ مەمکۆران برد
عیناد بوو نەیدا رێیە
گەردەن شووشەی ئارەقی
سەرخۆش دەمام لەوێیە

روومەت برقی ئارەمان
شەوقی وا لە مسرێیە
چاو ئەستێرەی سیوەیلی
هەردێ لە سەر ئەو رێیە

زێیێ بەحرو کوشتاران
سۆر بوون بەحرێ خینێیە
دەیگۆ: وەرە بمخوازە
داکیشم کەیفی لێیە

ئەگەر بابم نەیدایێ
لێدەنێین لە کۆچێیە
دەچینە کن سواراغەی
ماری وا لە سەر رێیە

ساحیب کۆشکو دیوەخان

گەلەك بە ڕێوو جێیە

ئاغەکی زۆر گرانە

لۆن دادەنێ سولحێیە

(١١)

هێ برام سووتامو برژام

دەردم دەردی شەوێیە

قیڕەی دوو قورینگان وا دێ

لە چەمرگەی پردێیە

مامز کەتنە بەرپایێ

کار دابڕان لە داکێیە

یارم گەلەك تەنکە

چوویتەوە دوو داکێیە

یارم گەلەك زۆرزان بوو

دەیگرت دەوزێو دەوزێیە

بە ناز شەقاوان داوێ

دەڕوا لۆ سەر حەوزێیە

(١٢)

هێ برام سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم بە ژانە

چاوت چاوی قەتێیە

برۆت وکی قەیتانە

لەبۆت دەبم بە شایەر

دەگەڕێم لەو گوندانە

هەندەك برێن قاچاغە

هەندەك برێن دێوانە

ئەو شەدەی دوو گەزو نیو

هەرزانە لە لاجانە

ئێکەکی لۆ خۆم دینم

ئێکەك لۆو کیژە جوانە

با یارم لە سەری نێ

شایێ جێژنێ قوربانە

پێ بچیتە گەڕێی شایێ
لەگەر دەستە خوشکانە

(١٢)

هێ برام سەرێ من دێ
دەردێ لە درم دەناری
قیڕەی دوو قورینگان وا دێ
لە ناو هەورو ساماری

*

## عەیشۆك و فانم

پێمگۆ: دەچنە کێ ماری
وەرن لێرە روونیشن
پشتمان دەینە دیواری

پێمگۆ بینە ماچت کەم
دەیگۆ هێشتا منداری
قەولەکمان لە بەینێ بوو
لۆن بێتە دەو رووباری

قەفێ سمێرم لە رووان دا

شا زولفم رادەماری

چاو کارمامزێ دیبەگەی

لە معێجیلەو مشاری

ئەو رۆ سەرێ سێ رۆژان

لێی دەچمە راوە کاری

نیشانەکم لێدەگرت

لێمدامەزراند چەتاری

*

# بەندی ڕەشیدی حەمەدمانی!

هێ برام سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم هەلایە

دەچمە سەر کۆشکو باران

دەگەڕام لە دنیایە

دەچمە کاولە عەوێنەی

دوو پۆلیس لێکوژرایە

خەبەریان برد لۆ گوێڕی

چ بووەو چ قەومایە

شەش پۆلیسو سێ معاوین

قومیسەر لەگەر دایە

دەچوونە سەر پۆلیسان

ئێک مردیەو ئێکیان مایە

حەمەدۆکی قادری

دوو لەفزی لە زگیدایە

دوو قامچییان لێدەدا

لە ناو ترومبێلیان نایە

کێ ئەو پۆلیسانەی کوشت؟
ڕەشیدی کوڕی عەولایە
مارو مندار ئێخسیر بوون
لەو گۆڕەی بە جێ مایە

ڕەشید خوشکەکی هەبوو
دەڕۆیشت لۆ بەغدایە
خۆی لە بن تەختی دەنا
ئەمری عافێی هینایە

هەتا ئەو ئەمری هینا
ڕەشید ئیعدام کرایە
لاریم کندرێ ئیعدامێ
ئەووەل وا لە ملی دایە

*

# بەیتی کەریم و ستی

(١)

هێ برم سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم برینە

گردەسۆری سیانان

لە من بە قورینگو سینە

بەژنێ ستییێم برندە

گەردەنی کێلەشینە

سینگت بەفرێ ئێك شەوی

کوڕ پێی دەرێن هەنگوینە

کەریم زەندێ ستییێ گرت

لە خوارێی را دەهینە

دەچوونە حەسارۆکان

بە خزم تێگەیینە

دەیگۆ لاوە با بڕۆین

هەتا دنیا ئەمینە

گەیشتنە شاربزری

هۆردووک گەلەك ماندینە

ترومبێلەك ئەوا دێ

تێیدایە معاوینە

وکی زەینێ خۆم دایێ

تێیدا برایمی بێ دینە

دە هەرینە هەرینە

کەریم چاوان هەرینە

رۆژێ عەلا وەلایێ

کارخانان بترۆقینە

لۆم بکوژە باب و برایان

لەگەر برایمی بێ دینە

هەزاری وکی برایمی

لۆ لاوێ من چ نینە

کەریم دەستان هەرینە

لاوە دەستان هەرینە

مادەم دەستان هەر نایینی

کەریم ئەمنت لۆ هینە

لوولەی تڤەنگێم سووڕاند

قەوان نسکۆی دەهینە

سالحو سەلیمو عەدۆ

لار بم لە پشتم نینە

هەندەی دی لەشکر زۆر بی

لە من بی ئێك پیاو نینە

ئێکی بە پیاو نازانم

لە من وەیە مردینە

بێدینە هەی بێدینە

ئەو برایمەی بێدینە

هەریکێشا دەمانچەی

دوو ئێخسیری کوشتینە

حەیفم لۆ جۆتە ئاشقان

لە خینێدا گەوزینە

زەندی سۆری بە بازن

لە مەمکانی وەرینە

لار بم بە دەستێ چۆپەی

دەگری دەرکێ برینە

لۆم برێنە ئاسکە کیژان

بگێڕن گەرمە شینە

مەیتێ کەریمو ستییێم

لۆ خەستەیان بردینە

وکی ستی تەواو بوو

کەریم ئاخی هەرینە

(٢)

هێ برام سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم دەناری

سەید عوبێدم ئاوا بی

کانییێ لە خوار کەنداری

ستی چاوان لێمەشۆ

مەحبووبەکی نازداری

مەمکت وەک کارکە سێوی

رووومەت گۆڕێ بواری

دوو ئاشقی جەوهەردار

ئیتفاق بوون بە یەکجاری

کەریم خۆی حازر دەکرد

ئاوا بوو لە دیواری

دەستێ خۆیان تێک دەگرت

ڕۆین لۆ ناو ئاقاری

با بچینە حەسارۆکان

ئەو نێزیکە لە شاری

لۆ ڕۆژی لێقەوانێ

پۆلیسمان دێنە هاری

گوندی عەلی پاشایە

دەچمە ماڕێ سەرکاری

سەرکار مەلا قادرە

گەوواد قەومێ سەگساری

خەفیەکی رەوان دەکرد
خوا بیبا بە مرداری

لۆم برێنە برایمی عەلۆی
بێ بە خۆو خزمەتکاری
برایم ئەو بەحسەی زانی
دەستی دەدا هەوساری

خەریتەیان لە خۆ دا
خەریتەی جامبێزاری
شەوێ هاتن گەینە جێ
بە درەکی خەم‌و تاری

هاتن لۆ چایەخانەی
گوللەیان لۆ دەباری
ستی چاو کار گاز دەکا
دەنگ هەردینی بە زاری

بە حەفت قۆران دەهاتن
بکوژن نەکەن قوتاری

خێنێ بسکو کەزییان

تەڕ کرد پێوو خڕخاری

مەولوود عەفانی بکوژن

پیر بوو لە خزمەتکاری

چەلاوخۆرەکی ئەوها

سەگباب قەومێ سەگساری

(٣)

هێ برام سەرێ من دێشی

دەردێ لە درم دەناری

دوو ئاشقی جەوهەردار

دەگەڕان لە مەعاری

کەریم زەندێ ستێی گرت

ئاوای کرد لە دیواری

برایمی عەفێ گەووادە

پیر بوو لە خزمەتکاری

با بچین لۆ حەسارۆکان

ئەو نێزیکە لە شاری

لۆ رۆژیٚ لێقەومانیٚ

پۆلیسمان دێنە هاری

کەریم چاو کار گاز دەکا

بیرە لە خوار کەنداری

ستی چاوان لێمەشۆ

مەحبووبەکی نازداری

مەمکت سێوی لاسۆرە

روومەت گوریٚ هەناری

لە پیرەژنەکیان پرسی

کانی ماریٚ موختاری

حەسارۆك قەومیٚ لووتی

سەگباب قەومیٚ سەگساری

ئەوی لەوێندەر قەوما

نەبووە لە ناو کوفاری

ستی چاوکار گاز دەکا

مردنم هاتە خەیاری

بۆسەکیان لێداناوە
لە برندو لە بەیاری

بەژنیّ ستییێم برندە
لە سەری چل کەزینە
حەیفیّ هەندێم دەمینیّ
هەمووی تێکرا لە خینە

ستی چاوکار گاز دەکا
کەریم فیشەکان بینە
لۆ رۆژی لێقەومانیّ
فیشەکان زۆری بینە

ستی چاوکار گاز دەکا
کەریم دەستان هەرینە
وکی ئەوهات دەزانی
ئەمنت لۆچ دەهێنا

کاکە زەینیّ خۆ بدەنیّ
کەریم هیچ نەشێوایە

پاکەتەکی گوللە سۆر
لە ناو عەنباری نایە

پتی لە تفنگێ دەبزافت
قەوان تێدا پسایە
هەری دەکێشا تیرکەی
تیرکەش تێدا پسایە

ترومبێلەك ئەوا هات
لەن وابی معاوینە
لە ترومبێلێ هاتە دەر
ئەو برایماغەی بێدینە

هەریکێشا دەمانچەی
بووكو زاوای کوشتینە
جەنازەی ستیو کەریم
لۆ خەستەیان بردینە

*

# گۆرانی حەبیب ئاغا

هەر لاوی بە من لاوی

هەر لاوی بە من لاوی

مارو سەت لیرەم دابی

حەبیب لەو بەینەی نابی

*

حەبیب چووە سەریانی

دووربینی دا بەر چاوی

وکی زەینم دەدایێ

شەڕە لە زوورگەزراوی

حەبیب دەهاتە خوارێ

ئاغە لۆ وها تەنگاوی

لەشکری عەلی بەگیم

گەیشتە زوورگەزراوی

لەگەر رێژنەی ئەووەلی

پەڕی سەرو کراوی

لە خینێ سۆر دەگەوزی

حەبیبی گورە لاوی

خەبەریان دا برایماغەی

دەپسا جەرگو هەناوی

خەبەریان دەدا گەرعەی

دادەڕژا هەردوو چاوی

*

عامفەرم حەبیباغە

بەربووی لە بەندێ سارێ

قەولە شەڕەك بگەڕێ

سبەی دانێ هێوارێ

لۆم برێنە خزمەتکاران

لە هەسپان نێنە خوارێ

ڕەختەیان ڕاستو چۆپ کەن

دەست دەنە جامبێزارێ

پاکەتان داگرنەوە

دابڕێننە ناو عەمبارێ

گوللان بە خەسار مەدەن

بڕۆنە ناو چاوێ ماریێ

لەگەر ڕێژنەی ئەوەللی

حەبیبیان دینا خوارێ

مەیتێ حەبیبم کەتیە

لە کەندێ شیوە شارێ

دارەبازەکی بینن

ئەو مەیتەی بەنە مارێ

ئەو سمێرەی سووسنی

لە خین و تۆزێ دارێ

شینی حەبیبێم گەڕا

لە هەر چار فەسری سارێ

شین و کۆتەریان دانا

مەیتیان هیناوە مارێ

*

لەو هێلەوەی هەرایە

لەو هێلەوەی هەرایە

ئەورۆ بەوێ نیورانێ

دەرێن حەبیب کوژرایە

ئەو سێ تیری لە دەستی

دوو رمیان تێهەردایە

سەرو کراوی دەپەڕی

دەستی لە خۆ بەردایە

خەبەر چوو لۆ برایماغەی

لە تەختی وەرگەڕایە

خەبەریان دەدا گەرعەی

چۆکی لەگەر شکایە

*

تێلەک هاتییە بە دزی

برێنە برایمی بایزی

ئەورۆ بەوێ نیورانێ

حەبیبیان کوشت بە دزی

*

# جۆتی هێستران

جۆتیٚ هێستران دابەستن

لە زەوییٚ بەر مارانە

سینگ ئاقاریٚ دووگرتکان

لێم راو کرد خەتو بانە

بیری مەحموودی سەنان

لە سەر رێییٚ کۆچانە

کیژیٚ سەرگەڕییان دێنیٚ

بە عام کۆریان لیٚ دانا

دوو کیژی جوانم دەدیت

ئەورۆ لە دوو پارانە

گەلاوێژیان دادەنا

سوندیٚ دەخۆی توکانە

لە سەری وەك غەدەنگی

لە بنی وەك بنەوانە

مێردەگولەت بکوژە

بە فنجانەک دەرمانە

هێ کچێ بە سەری بابت

خۆم دێمە تازیمانە

*

# هەنار هەنار

هەنار هەنار هەنارە
دەرمانی دەردم یارە

چ بکەم لۆ هەندەک پارە
بیدەم بە جۆتە گوارە

هێواران لە گێی بکا
نەڕەی بێ وەک تەیارە

*

هەنار هەنار هەنارە
هەنار نییەو هەنجیرە

بە پێش ماریان دادەچم
با لێمدەن بە شەستیرە

حەفت مردیم لێبمرێتن
هێشتا هەر تۆم لە بیرە

*

# دەنگۆ بڕۆننە

دەنگۆ بڕۆننە حەیرانێ

لە ناو کیژان دیارە

زێدە لە کیژێ گوندی

دایم تیلاکی خوارە

ئەو کیژەی ساحێب دۆست بی

دایم لە دوور دیارە

دایم زیتو کشتو پشت

در پڕ خەمو خەیارە

*

# هەی گەردە

هەی گەردە گەردە گەردە
دەسماری هەوری زەردە

دنیا مەرگو مردنە
دەست لە پیرۆزێ بەردە

دەست لە یارێ بەرنادەم
پیرۆزم خانو مانە

دەچووە مارە جیرانان
ماریان وا لە کەپرانە

*

# هەی فاتێ

هەی فاتێ عەمرم فاتێ

جۆتە کۆترێ قەراتێ

برندە دەستم نایگاتێ

یا شێخی مار لە باتێ

لەگەر ئەو کیژە جۆت بم

لە سەر پردێ سیراتێ

*

# هەی مەستی

هەی مەستی مەستی مەستی
هەناری لە سەر دەستی

لۆیێ ئەو کچەم خۆش دەوێ
لە شەو راوان تەڕ دەستی

ئەمنت لۆچی کوشتییە
بە غرمەی بازنێ دەستی

*

بەندان دەرێم بە نەرمی
چەند بە حەیاو بە شەرمی

ماچێ کیژان خۆشترە
لە کەبابێ بە گەرمی

*

# دەچمە شاری هەولێری

دەچمە شاری هەولێری

هەولێرۆك سەرانسەرە

دەچمە توکانێ جوولەکان

بە دەلاقەو پەنجەرە

سێ گەوهەر دانیشتینە

فاتمو لەعلیو ئەسمەرە

در عێدزییان مەکەن

سەرو ماچیان لە سەرە

*

# هەی وایێ

هەی وایێ وایێ وایێ

پۆرسۆرێ پۆڕ نەمایێ

بەژنت دارێ دەعوایێ

مەمکت سێوێ بەغدایێ

بێ یارێ خەوم نایێ

در توندەو سەبرم نایێ

پێمدەگۆ لۆ ماچەکێ

رایکێشا بن عەبایێ

*

## دەچمە بن بێرایێ

دەچمە بن بێراییێ

لەو بێراییێ نوییە

ریشی قەورەو پۆشیێ

هات گەییە سەر چاوییە

بەژنی گەلەك برندە

مەمکی دەرێی هەرمییە

لەبۆیێ خۆشم دەوێ

دەرێی مامزێ کەوییە

*

دەچمە بن بێراییێ

لەو بێراییێ برندە

ریشی قەورەو پۆشییێ

دوو خاری رەش لە بن دە

ئەگەر توو یاری منی

نیشانی خۆت بە من دە

*

# ئازبلەند

ئازیکەندی بندیانان

لە من شۆلان شۆلانە

ماچێ کیژان چەند خۆشە

شەکرەزارێ کوڕانە

ئەو مارەی سەر گەڕەکێ

لەگەر بابم تەبانە

کیژەکی جوانیان هەیە

نامداتێ بێ ئیمانە

ڕۆژەك دەچوومە ماریان
بە هەنجەتی مێوانە

چایەکی لۆ تێکردم
زۆر بە ڕەنگو دەرمانە

شا زولفی بەردەداوە
لۆ سەر جۆتە مەمکانە

ئەوشۆکە سەفەریمە
دەچم لەبۆ گوندانە

دەچم لۆ دێمەکاری
جێیێ کوڕو کیژانە

تەسحێبەکیان دا دەستم
تێمهەرکردە بەندانە

پیرەژن ئێك ئێك هاتن
بوو بە سەرەقوتکانە

گەردەنیێ خۆم ئازا کرد
هەر بەو کیژە جیرانە

# بابە یارم وا ڕۆیی

بابە یارم وا ڕۆیی

وەرن بە عام تێفکرن

ئەگەر بێبەختیان نەکەن

چ پەرەی لێناگرن

جۆت شەمامەی سەر سینگی

میسال کەڵڵەی شەکرن

چەند جاعێری لە گوندی

بە حەسرەتن بیکڕن

شتاق دەستیان ناگاتێ

وەختە لە حەیفان بمرم

*

## هاتم لە لای ژەنگاری

هاتم لە لای ژەنگاریٚ

مەمکت سێوی سەرداریٚ

هەردەگری لۆ هێواریٚ

کوڕ پێی دەکا فتاریٚ

*

## کیژیٚ خاری

بازن دەگەر خڕخاری

لۆت مردم کیژیٚ خاری

دە وەرە دەستم لە ملی کە

کەس بە دەردم نازانی

*

## باریکی

باریکی رەنگ لیمۆیی

ئاگرت بەردایتە ماران

چاوی تۆم گەلاوێژە

هەردێ لە ناو گەواران

*

## هەی لە من

هەی لە من هاوار لە من

کەتمە بەحرەکی بێ بن

شایێ خەرکی خەم لۆ من

قەت خەم نابڕێ لە درێ من

*

## ئامینێ

ئامینێ سۆرگور بە لەنجەو لاری

گورو گور غونچەی فەسری بواری

کارخانەی قەندی بڕنۆی سواری

بە تاران کەتیە دەست کوردەواری

بەینم بەینەللا لە گورەی خەساری

*

کورتە باریکەی قۆرتە کارێزێ

مەمکت پیارەیە دامنا سەر مێزێ

ناوقەد باریکی پڕ بە هامێزێ

خۆم لە تارانم یار لە تەورێزێ

دوعات لۆ دەکەم خوا بتپارێزێ

*

خودا بیبڕی نانی عەسکەری

یارەکم گرتبوو بە دەردە سەری

لە بەر تەعلیمێ لێی بووم بێبەری

ئەویش مێردی کرد قوڕم بە سەری

کەتمە بارەکی بێ سەروبەری.

*

ئەستێرەك هەرات لە سەر سەفینی

گوارەو خەزێمت ئاورینگان دینی

مەعبەینێ مەمکان شانەی هەنگینی

هەنگینم خۆشە بیخۆی لە خورینی

یارم کرمانجەو سەت ئاغەی دینی

*

پێش دەرکەی مارتان بە گورو رحانە

مەچووە سەر کانییَ بەفرو بارانە

شاقاوان ماویَ کوندەت گرانە

چاوان هەرمەینە عالەم زۆرزانە

دەعوای روح بکەی هێشتا هەرزانە

*

ئەتوو وا دەڕۆی لۆ مەرگەو پشدەر

هەتا دێیەوە دەمکەنە عەسکەر

دەچم لۆ مارتان کێتان لەوێیە

ئەو سینگو مەمکەت راتبەی فەقێیە

لەو بن عەبایە مەمکی هەردایە

دەستم لەبۆ برد گۆتی: وەی دایە

*

مارمان مارەکە خانیەکمان بەینە

خوا داکت بگری لەو سەین‌و بەینە

*

## وەرە بچینە

وەرە بچینە گوندیٚ مە

گوندێمە گەلەك خۆشە

گوندەك دوو یار لێنەبی

لێبخینن تەیرو وۆشە

وەرە بچینە گوندێمە

گوندێمە زۆر برندە

گوندەك دوو یار لێنەبی

لێبخینن پۆڕو کوندە

*

# هێ برام سووتام

هێ برام سووتامو برژام

هێ درە لۆچی ناسەکنی

گەوارەکی دەهێنا

دایمەزراندییە لە بنی

لە راستی گەردەنکێلان

هوورد هووردۆکە دەخونی

چاورەش جوابان دەنێری

ناوێرم بچمە کنی

بچم قەت نایێمەوە

لە کەیفێ ماچ کردنی

خەمت نەبی چاو کەژال

ئیشاللا هەر لۆ منی

حەز لێکردن چەند خۆشە

لەگەر دەست بە بازنی

هێ جوان بینە ماچت کەم

لە سەر داری تەونی

*

# یار غەزال

یار غەزال دیدەم غەزال

چەند غەزالم دیتییە

ناوی خۆتم پێ بڕێ

ناوی شەریفت چییە؟

ناوێ خۆی پێنەگۆتم

بلبلی شای پەرییە

قورینگ دێنە گفتو گۆ

ناوی یارێم ستییە

سینگی دەرێی سینییە

برنجم تێکردییە

دوو پشکە گۆشتی لە سەر

هێسکەکیان تێدا نییە

ئەو مەحتەی ئەمن دەیکەم

هێ برام هەمووی کوردییە

ئەوی خوا لێی گۆڕی بی

لە کنی وابی تورکییە

سبەی لێرە بار دەکەم

خۆ مرکێ بابم نییە

*

## لە هەولێرێ بار دەکەم

لە هەولێرێ بار دەکەم

دەچمە عارەبستانی

هاتم گەیمە باداوان

عەسرەکی شارستانی

ڕۆژەکی گەلەك خۆش بوو

عالەم چووبووە سەر بانی

مەحبووبەك راوەستا بوو

چ بکەم ناوم نەزانی

بە تەشیەکی خاسەرەنگ

دەیرێست خوریێ بەرانی

هەر چەند نەقری لێدەدا

رادەجفری مەمکانی

هیزارەکی لە سەری

کوڕ پێی دەرێن کاشانی

ئارمووش‌و حەریر لەبەر

لەگەر ئاگربارانی

قۆندرەی تەلەفۆنە

دەگری سەرێ پەنجانی

ناواغنی قۆندرەی

ئارمووشی هیندستانی

چاوێ وەستای کۆرە بی

لەگەر دەرزی‌و دورمانی

توخوا بابت بکوژە

بە فنجانەك دەرمانی

بەخوای چ قەتر نییە
بە بەختو بە ئیمانی

*

## لەبەری مرم

لەبەری مرم بەرینێ
سواری خەزێم زێرپینێ
پیاوێ مەسرەتو خینێ

لەبەری مرم بەرۆکێ
ماشی لە مەنجەرۆکێ
مێوانی هەمینۆکێ

لە بەری مرم بەراتێ
هەر جێی کورم دەگاتی
کیژ لێ دەگرن جماتێ

لەبەری مرم لەبەرە
داکی پیرە خەرتەلە
بابی پیرە گۆزەرە

لەبەری مرم شلێرە

گەنمی دەشتی هەولێرە

مشتەری بێنە ئێرە

لەبەری مرم هەندییە

عەسکەرێ عوسمانلییە

بڕنۆی لەسەر شانییە

لەبەری مرم لەبەرە

هەتاو نییە سێبەرە

چاوی بازو سەقەرە

*

داکێ کوڕان کوڕ لەبەر

سێبەرێ سێوێ لە سەر

کەبابێ کەوێ لە بەر

داکێ کیژان کیژ لەبەر

سێبەرێ لووڕکێ لە سەر

کەبابێ کتکێ لە بەر

*

# کورم جوانە

کورڕم جوانە وایدەوێ
کۆشکی بەروەبای دەوێ
کیژێ قۆچ پاشای دەوێ

برایماغەی لە دۆرێ
هەسپی دەکا پێکۆرێ
مێوانی بەهیە سۆرێ

لە بانان بۆنی سیر دێ
مشەی پیاوی پیر دێ
جاعێریم وەبیر دێ

هەوری بە بەربەنە
شیرن سەرو گەردەنە
چ بکەم دێری ترکەنە

*

# لە تەیران

لە تەیران وەز تەیرۆکم

لە باغان گوری کۆکم

تو سەری من دەسرۆکم

لە تەیران تەیرێ رەشم

لە باغان گورێ گەشم

تو ملی من بڕەخشم

لە تەیران تەیری سپیمە

لە باغان هەر نیشتیمە

تو سەری من هەوریمە.

*

# مەندۆ

مەندۆی لە مەنداوێ

نێچیری بەرەک چاوێ

چۆک دە تفەنگان باوێ

مەندۆی گەڕیێ ژۆری

تفەنگ دەسمار مۆری

دەکوژی پەرچەم سۆری

*

مەندۆی لە مەندێدا

تفەنگ لە گۆلمێدا

نێچیر لە کۆشکێدا

مەندۆی کوڕە گەردی

بەخوا گەلەک مەردی

کەتیە پەنێ بەردی

*

شلکە وکی ڕێواسی

سپییە وکی گیلاسی

یارم کیژە مەلایە

بە خۆم ئیبن عەباسی

قوربانی ئەو مەمکەی بم

خڕە لە بن کراسی

*

لەسەر بانی حەمامێ

گومگومەی داری شامێ

هاتم ئەو کچەی ڕامووسم

کەتمە دەستی نیزامێ

*

گێوژی لە قەد تەلانی

شفتی دە هۆهۆی پێوە

زەلام کەتنە سەر چار پەل

کەریش هەستانە پێوە

*

ئەگەر دەیدەم بە چاران

جواب دەچی لەبۆ خاران

گەزەنگیان برد بە تاران

ئەگەر دەیدەم بە شەشان

جواب دەچی لۆ مامەشان

گەزەنگیان برد بە راکێشان

ئەگە دەیدەم بە سەتی

سەر بەسەر رادەوەستی

*

ئەو پاشایەی لە لێڕی

گەنمی دەکڕی بە زێڕی

لۆ مێوانان دەهێڕی

*

## بابی چوویتە

بابی چوویتە هەولێرێ

لۆی دینی دەسکە کنێرێ

بابی چوویتە مووسرێ

لۆی دینی قەنەفرێ

بابی چوویتە کەرکووکێ

لۆی دینی جلکی بووکێ

*

## بەژنت

بەژنت گەلەك برندە

هەروەك داری مێکووکێ

هێ برام ئاگری تێبەردام

بێوەژنێ لە چارووکێ

بەژنت گەلەك برندە

شیرن لێی دێ کەوێیە

کراست مەرەز کتانە

لە بنی دا زەردەبێیە

*

# بەلۆری

بەلۆری بادینی

کیژ چوو ئاوێ بینی

کوڕ چوو لێی بستینی

بەلۆری نازانم

خۆخێ ناو رەزانم

بەلۆرێ باوانم

خوشکێ حەفت برایانم

هێشتا سەر گرانم

بەلۆری لەو بەری

نەینۆك لە تیێ سەری

حەز لە نێرەکەری

*

سەپان گارە گارە

گیشەکەر مندارە

سەپان مڕە مڕە

گیشەکەر مەمك خڕە

*

# لەو دیوە

لەو دیوی لەو دیوی

کاکی خۆم لەو دیوی

سعاتی لە زیوی

گەنمو جۆی دەپیوی

لە بانێ لە برندی

کیژێ کیخوای گوندی

چ خراپەت لە من دی

*

# حبلانێ

جۆره یارییەکی کچۆلانە. کچۆلان دەستی یەك دەگرن‌و سەما دەکەن‌و سووڕ دەخۆنەوەو بە دەم سەماو سووڕدانەوە ئەم گۆرانییە دەلێن. ئەمە هەموو گۆرانییەکە نییە. هێوادارم ئەوەی هەموو گۆرانییەکەی لایە بلاوی بکاتەوە:

هە چەرمە چەرمە چەرمە
ئەز لە بووکێ خۆ شەرمە

بووکم دیت حەللارم دیت
لەگەر وسووە لارم دیت

وسووە لاری دوگردی
چەندم دەیناو دەبردی

لە برای خۆم مارە کردی

مارە مارە هەربەزی
بە سنجاق‌و بە دەرزی

سنجاقی توومم زێرینە

لە دیوانێم گێڕینە

دیوانی قشتو پشتە

عەلی بەگی لێ کوشتە

عەلی بەگی قەراتێ

دوو دەسرۆکەم داتی

دەسرۆکە هەورییە

لە برینم پێچییە

برینی گامێشی

بەردان دەقەرێشی

بەردی ئەو لای ماران

بردیان لۆ دەسماران

دەسمار هووکە هووکە

بردیان جۆتە بووکە

جۆتە بووکێ میری

بردیان لۆ یەخسیری

یەخسیری بەغدایێ

لۆم نایێتە رایێ

*

## هەتیمەك بووم لە کاروانی

کورڕ: هەتیمەك بووك لە کاروانی

بە جێ مابووم لە کاروانی

دیتم مارەك لە تەلانی

لامدا ماریان لەبۆ نانی

دیتم زەرییەك لەبەر نانی

کچ: هانی کەچەر بگرە نانی

کورڕ: وەللا زەریێ ناگرم نانی

هەتا نەکەم راموسانی

سەت حاشا بی لە کاروانی

کچ: بیژی کەچەر چەند زۆرەوی

مستەکت دەم لە دورر دەوی

زارو دەوت وێکدی کەوی

سەرت برِوا قالبت کەوی

چار برام هەنە وکی شێرە

گازیان دەکەم بێنە ئێرە

بە خەنجەران بتکەن گێرە

ئەوجا کەچەر ئۆغرت خێرە

کورِ: وەللا زەریێ نارِۆم لێرە

هەتا ماچت نەکەم تێرە

کچ: دەبمە کۆتر کۆتری سپییە

دەچمە بن پەرِێ هەورییە.

ئەوجا کەچەر دەردت چییە

کورِ: توو کۆتری من کۆلارە

پەرِو بارم شێست هەزارە

لە بن هەورت دینمە خوارە

بە مامۆستای دەتکەم مارە

بە سندان بیتن ئەو حارە

کچ: بەژنم قەراتێ میرییە
چەند ئاغا لە دیار خەفتییە
ئێك بەردەکیان نەبزافتییە
ئەتوو کەچەر دەردت چییە

کوڕ: توو قەراتی من لەشکرم
حەفت ساران لە بن دەورم
یان دەمرم یان دەتگرم

کچ: دەبمە شترەکی رحانە
دەچمە حوجرەی فەقێیانە
کوڕە کەچەر چت دەرمانە

کوڕ: دەبمە شوانی بەرخۆرانە
دەکەم کیستان و گەرمیانە
هاوینان دەچمە کیستانە
پایزان دێمە ئێرانە
دەرێم فەقێ هەی ئامانە
دەتدەمێ بەرخی دونگ پانە
بمدێ شترەکی رحانە
ئەرێ زەریێ چت دەرمانە

کچ: بیژی کەچەر چەند بێعاری

هێدی هێدی وەرە پاری

گوو بە ریشێ مام‌و خاری

*

# لاوە مەکە خەیاران

لاوە مەکە خەیاران

بە خەیاران لۆت نابم

دەمەك پاشی عیشایێ

هەستە وەرە کن بابم

دو قسانی لەگەر بکە

ئێ سێیەی ئەمنت لابم

ئەگەر ئەمنی نەداییێ

گەووادەو لە کنی نابم

هەستە دەست کە تڤەنگێ

شەرت بی پێشی تو رابم

کچە ئاشقێکی ئازا

# فەرهەنگۆك

مانای وشەکان بە گوێرەی دەقەکانی ئەم نامیلکەیە لێك دراوەتەوە.

(ئ)

**ئارمووش:** ئاوریشم

**ئاروو:** هاروو، خەیار

**ئاقار:** دەشت. دەرەوەی شارو ئاوایی. زەوی زار

**ئاقردار:** ئاقڵمەند: ژیر

**ئاورینگ:** پڕووشکە ئاگر

**ئەتوو:** تۆ. لە بنەزاری سۆرانیدا، لە دۆخی بکەر وایە. ئەگەر ببێ بە بەکاری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەمزەکەی دەڕوا. دەبێ بە (توو).

**دامەتوو:** دام بە تۆ.

**ئەنگۆ:** ئێوە، هن. لە بن زاری سۆرانیدا، ئەمە لە دۆخی بکەر وایە. ئەگەر ببێ بە بەرکار هەمزەکەی دەڕوا دەبێ بە (نگۆ) وەکوو:

**دامەنگۆ:** دام بە ئێوە

**ئەنگوستیلە:** ئەموستیلە، گوستێر

**ئیجباری:** خزمەتی سەربازی خورتی

**ئیغبار:** ئیقباڵ. بەخت

(ب)

**بابان:** ماڵە باوك، باوان. بابان کۆر، بابان وێران.

**باغەر:** باغەڵ، گیرفان، بەرك، باغـەڵی ژنـان جیایـە. ژنـان کـە کراسـی درێژ لەبەر دەکەن. پشتێنیان دەبەستن کە داوێکی باریکەو کراسـەیان لە پشتێن نەختێ بەردەدەنەوە. ئەمە باغەڵو بەر باغەڵە.

**بە رادان دان:** راسپاردنی جلو بەرگ بۆ دروون لای بەرگدروو.

**بەران:** بەڵام

**بەرەك:** بەڵەك، پووز/ رەش‌و سپی بەیەکەوە.

**بەرپێنە:** پێ دانە بەر پێی یەکێ بۆ بەردانەوەی

**بەقا:** متمانە: بڕوایی

**بەلۆرە:** جۆرە گۆرانییەکە کچان بە لەراندنەوەی دەنگ دەیلێن.

**بەیار:** ئەو زەوییەی ساڵێك ناکێڵرێ.

**بڕۆنن:** تەماشا کەن، سەیر کەن، چاو دەنێ، سەح کەنێ

**بنسەر:** سەرین، سەنیر، بالیف

**بوار:** بەهار

**بۆسە:** کەمین

**بوسرمان:** موسڵمان

**بیژی:** زۆڵ، حەرامزادە

بێرایی: بێلایی. بەردەم ژووری ماڵ کە سێ لاو سەری گیراوە بەلام بەردەمی والایە.

بیزا: جۆرە گیایەکی کوێستانی بۆنخۆشە.

بیستان: لەو دەشتەدا، بە کشتی کاڵەکو ترۆزی دێمی دەگوترێ

(پ)

پارە: پاڵە: ئەو کەسەی دروێنە بە کرێی رۆژانە دەکا. بەرامبەر سەپان کە بە درێژایی وەرزی دروێنە، دروێنە بەرامبەر رێژەیەکی بەروبوومەکە دەکا. جگە لەوەی کە بە گشتی سەپان بۆ دروێنەکەر بە کار دێ.

پەرە: کەمو کورتی. لە بنچینەدا بە جێ مانی شوێنی نەکێڵراوە لە کاتی جووت کردندا.

پەلك: گەلا

پلك: پوور

پۆڕ: باڵندەیەکی نەختێ لە کەو بچووکترە. گۆشتی زۆر خۆشە.

پۆڕ: قژ، پرچ

پۆرا: پۆلا

پۆیلە: پوولەکە

پێکلۆر: سمکۆر، سمکۆڵ

پیل: شان

پێناو: ئەو پیرەژنەی دەوری بە یەك گەیاندنی کورو کچێك دەگێڕێ. دەوری خێرو چاکە.

(ت)

**تات:** بەردێکی لووس و پانە.

**تاور:** تاوڵ، رەشماڵ

**تەستیق:** مسۆگەر. لێم تەستیقە: لێم مسۆگەرە

**تەمیس:** جوان

**تەویلە:** ژووری ئەسپ و ئێسترو کەرە.

**تۆران:** زیزبوون، عادز بوون، تەوەللا بوون

**توور:** توورەگە، جۆرِك

**تێڕ:** لە مشەمما یان لە بەڕە دروست دەکرا. دەفرێك بوو دوو لای هەبوو دەکەوتنە ئەم لای ئەو لای وڵاغ . سەریان کراوەبوو شتیان تێدا دەکرد.

**تیرکە:** شیشکە: شیشەیەکی درێژو باریکە بۆ پاك کردنەوەی لوولەی تفەنگ بە کار دێ.

**تێل:** تەلەفۆن. لە تێلێی دا: تەلەفۆنی کرد

**تیلاك:** فۆت. کڵاو

(ج)

**جاعێر:** جحێڵ، لاو، گەنج، خورت

**جەرەو:** جلەو

**جستان:** زستان. زوسان

**جمات:** کۆبوونەوە.

**جۆخین:** خەرمان

**جیگرە:** جینگڵە

(چ)

**چاووزار:** بەچاو بردن

**چەتار:** سێپایەیەکی ئاسنە سەرەکەی پانە. لە کاتی تەقەدا لوولەی تفەنگی لە سەر دادەنرێ.

**چەلین:** جۆرە گۆرەوییەکی خۆمانی ساق درێژە لە خوری دەچنرێ.

**چەمرگە:** شوێنی بە لم و زیخی لێواری رووبار

**چیت:** جۆرە قوماشێکە ژنان دەیکەنە کراس

**چێشت:** چێشتان، چەشتەنگاو، لە بەینی رۆژهەڵات و نیوەڕۆ

**چیغ:** چیت: قامیش. ئەو قامیشەی بە بەنە موو لیک دەبەسرێ و وەکوو پەردە بۆ دەورەو ناوبڕەی رەشماڵ بە کار دێ. ئەو قسپەی دەردرێتە بەر چیغ تا رایبگرێ پێیدەگوترێ بەرچیغ.

(ح)

**حەژمەت:** داخ، خەفەت. شروو

**حەمایل:** شریتێکی قایش بوو ژنان بە راست و چۆپی لە ملیان دەکرد بە نۆری دوعاو نووشتەی تێدا بوو.

(خ)

**خار:** خاڵ

**خامەك:** جۆرە قوماشێکە ژنان کراسو کەوێو سوخمەی لێ دروست دەکەن.

**خەرتەل:** باڵندەیەکی گۆشتخۆرە. داڵ

**خەرجە:** هەستە. باج

**خەفیە:** شۆفار: زماندز، سیخوڕ

**خرچە:** کاڵەك، گندۆرە

**خۆرەپۆك:** شوێنێ هەمووی خۆڵی زۆر ورد بێ.

**خونتکار:** پاشا

**خێر:** خێڵ

**خین:** خوێن

**خیندن:** خوێندن

(د)

**دارەبازە:** چاردار.

**دەبان:** جۆرە ئاسنێکی پتەوە. هەندێ دەمە تیغی لێ دروست دەکرێ وەکوو شەمشێرو خەنجەری دەبان.

**دەبێژێ:** بێژەوەر دەبێ

**دەخونێ:** بارانی وردی لێ دێ. دیارە خوناویش هەر لەوەوە هاتووە.

**دەستوانە:** رستەکە موروویەك بوو جاران کچ لە پاش بازن لە زەندەیان دەبەست بۆ ئەوەی بازنەکان نەیەنەوە سەر دەستیان.

**دەو:** دەم، زار

**دڕ:** دڵ

**درووِنە:** دروێنە

**دلبەر:** خۆشەویست. ئەوەی دڵت لە دەسەنێ و دەیبا. (دڵ +بەر(بردن))

**دمدووک:** دمدووک، دەنووک

**دوڕ:** ناو، هندوڕ

**دۆراب:** ئۆین، فێڵ

**دوگمە:** قۆپچە

**دوونێ:** دوێنێ

**دیلانێ:** شایی

(ز)

**زووڕ:** زوورگ

(ژ)

**ژیکەڵە:** پارچەڵە، تازە پێڕاگەیشتوو

(ر)

**راتبە.** جەم هێنانەوەی فەقێ لە ماڵان. جاران فەقێ خواردنیان لە سەر خەڵکی گوند بوو. فەقێ سبەینەو ئێوارە راتبەیان دەهێنایەوە.دەچوونە بەر دەرگای ماڵەکەو بانگیان دەکرد: (راتبە، رەحمەتوو لێبی.) . ماڵەکە خواردنیان بۆ دەهێناو ئەویش دەیبردەوەوە حوجرەو فەقێکان دەیان لێ دەکردو دەیانخوارد.

رەتاندن: هێنان‌و بردن‌و ماندوو کردن

رەختە: فیشەکدانی مل

رەندە: بارستایی هووردەو کا.

رەیس: سەرتۆپ

رکێب: دوو ئاسنە بەم لاو بەو لای زیندا شۆڕ دەبێتەوە. سوار، لە کاتی سواریدا، پێی لە سەر دادەنێ.

روعب: رووبع: چارەك

رۆین: رۆیشتن

ریۆ بار: رێبوار

ریار: پارەیەکە: کاتی خۆی لە عیراق ریال هەبوو. ئاسن بوو، نرخی دوو درهەم بوو. زۆر ولاتی تر ریالیان هەیە. لە هەر ولاتێك‌و نرخێکی هەیە.

(س)

سابات: کەپرێکی رێك‌و پێکە

سار: ساڵ

سەپان: بە گشتی مانای دروێنەکەر.

سەربار: فەردەیەکە یان نیمچە فەردەیەکە دەخرێتە سەر باری ولاخ. بار دوو تایە. هەر تایەك دەکەوێتە لایەکی ولاخەکە. ئەو دوو تایە پێیان دەگوترێ بنبار.

سەربێر: بەردێك یان کۆتەرە دارێکە شوان لە کاتی بێردا لە سەری دادەنیشێ. سەری مەڕەکان بۆ بێرییەکان دەگرێ تا بیدۆشن. بێری یان بێریوان ئەو ژنەیە کە مەڕ دەدۆشێ. بێرکەر: ئەو کەسانەن کە مەڕەکان ریز دەکەن بۆ دۆشینو لێناگەڕێنو لە ریز دەربچنو وردە وردە دەیانبەنە پێش بۆ لای سەربێر.

سەرترنجانە: یاری شەترەنج

سەردر: سورینچك

سەنگ: بەرد

سپر: سپڵ: فاتە رەشە

سراو: سەر ئاو. چوونە سراو: چوونە سەرچاوەی ئاو بۆ ئاو هێنان بۆ ماڵەوە

سنجاق: دەرزییەکە نووکی تیژەو سەرەکەی تری مووروویەکی خڕی بچووکی رەنگینی تێ گیراوە.

سۆرگوڵ: گوڵەباغ، گوڵی سوور

سوعاڵ: سوئاڵ، پرسیار

سۆڵ: پێڵاوێکی سووکە بە سەرپێوە دەکرێ

سیم: تەلی باریك

(ش)

شاربزر: ئەو شوێنەی دەرەوەی شار کە شاری لێ بزر دەبێ.

شانشین: بەلەکۆن

شایەر: شاعیری میللی نەخوێندەوار. لە هەندێ ناوچە پێی دەگوترێ ئاشق

شەدە: جۆرە چەفیەیەکە.

شەقاو: شاقاو، هەنگاو

شەمار: شەماڵ، بای شەماڵ

شتاق: هیچ یەکێ. هیچ شتێ

(ع)

عەبداڵ: عەوداڵ

عەنەف: وەکوو رحان وایە

عەنناب: دارێکی لووس و رێکە بەرێکی خڕی سووری بچووك دەدا

عیشارە: ئیشارە، ئاماژە

عێل: هۆز، خێڵ

عیناد: لامل، کەللە شەق، لاسار

عینوان: دەعیە، فیز، هەوا

(غ)

غەدەنگ: تیر، خەدەنگ

(ف)

فەسر: فەسڵ، وەرز

(ق)

**قاقۆل:** هێشتنەوەی هەندێ قژی سەر دوای تاشینی بە لووسی. دوو جۆرە قاقۆڵ هەبوو: هەبوو لە سەر نێوچەوان دەهێشترایەوە. هەشبوو لە تەوقە سەر دەهێشترایەوە.

**قەراج:** شوێنی قاقڕو بێ ئاوو بێ گیاو دارو درەخت. دەشتێکی کاکی بە کاکییە لە خوارووی هەولێر. زۆر بە پیتە بەڵام بارانی کەمە. دەشتی قـەراجی لـە قەرەچـوغ ئـاوا بـە تـا سـەر زێ هـەمووی دەشـتی قەراجەقەرەچـووغ: زنجـیرە چـیایەکە دەکەوێتـە خـوارووی هـەولێر. کەندیناوەو قەراج لێك جودا دەکاتەوە.

**قەرێت:** ئەڵقەی قایشی ملی تاژی کە رستی لێ قایم دەکەن

**قەزەنگ:** جۆرە ئامێرێکە

**قەشك:** وەکوو قەنەفر وایە

**قەنات:** دیواری دەوری بیر کە گڕ گڕەی بۆ دەولك تێدەگیرێ

**قەنەفر:** جۆرە گوڵێکە وشك دەکرێتەوەو لە داو هەڵدەکێشرێ. کچ وەك ملوانکە لە ملی دەکەن. قەنەفر بۆنی زۆر خۆشە.

**قەنتەرە:** دەرگەی حەوشی ماڵە گەوران. وەکوو ژوورێکی دوو لاگیراو سەری دەگیرێ.

**قشرە:** قشڵە، سەرای حوکوومەت

**قل:** دانە مووروو

**قۆر:** قۆڵ. لا. لە دوو قۆڵ هێرشیان کرد: لە دوو لا هێرشیان کرد

**قومیسەر:** پلەیەکی سەربازییە.

**قۆیناغ:** جۆرە پیاڵەیەکی نەخشینە

(ك)

**کارك:** گندۆرەی نەگەییو

**کارمامز:** بێچووی مامز. بێچووی مامزو بزن کارە. بێچووی مەڕ بەرخە. بێچووی مانگا گوێرەکە، یان گۆلکە. بێچووی سەگ گوجیلەیە. بێچووی کەر جاشکە. بێچووی مریشك جووجکەیە. بێچووی قەتێ فەرەیە. بێچووی شێر بەچکەیە. بێچووی بنیادەم منداڵە. بێچووی کەو بارە. بێچووی گورگ تیشکە. بێچووی ماین جوانووە.

**کەتیمە:** کەوتوومەتە

**کەند:** شیوی نێوان دوو ریزە گردو زوورگ. کەندێناوە بۆیە وای پێدەگوترێ چونکی دەشتێکی پانەو دەکەوێتەنێوان زوورگەزراوو قەرەچووغ.

**کەینێ:** کەنگی، کەی، چ کاتێ. چ محەل

**کم:** کەم

**کۆتەر:** کۆتەڵ

**کۆترۆکە:** خشڵێکی بچووکە لە شێوەی کۆتردایە

**کۆر:** جلو خۆ شووشتن. جاران ژن جلی بەرشۆریان دەبردو دەچوونە سەر کانییەك یان رووبارێك. لەوێ مەنجەلیان دادەناو ئاویان گەرم دەکردو جلیان دەشووشت.

**کۆر:** کوێر

**کوریك:** کولیلك، کوڵووك، گوڵی کێوی

**کولك:** لووی پیس

**کوند:** کوندەبۆ

**کوندە:** پێستەی خۆشکراوی بزنە بۆ ئاو تێکردن.

**کوندەران:** دوو یان سێ دیوار بوو بەردەمی کراوە بوو. سەریان بە قەسەرو پووش‌و پەلاش دەگرت. لە بڵندایی دەوری مەترێك دارەڕایەکی بۆ دەکراو کوندەی لە سەر دادەنرا.

**کی:** کیهە، کامە

**کێرووشك:** کەروێشك،( کەر+ گوێچك).

**کیستان:** شوێنێ چیاو کەژو کێوی سەخت‌و زۆر بێ. کۆسار.

**کێندەر:** کوێ، چ شوێنێ

(گ)

**گازاندە:** گلەیی، بناشت

**گاسن:** ئەو ئاسنە نووك تیژەی لە نووکی هەوجاڕ قایم دەگیرێ بۆ ئەوەی لە کاتی جووت دا زەوی هەڵبدڕێ.

**گاور:** دیان، مەسیحی

**گەرمەڵان:** لانی گەرم

**گەلاوێژ:** گیشەی گەنم.

**گرۆێر:** پارچە قوماشێکی باریك‌و درێژە دە لاتەنیشتەکانی کراسی ژنان دەبرێتەوە.

**گۆ:** تۆپەلێکی خڕە لە سەر گوارەی زێڕ. گوارەی سێ گۆ هەیەو گوارەی چوار گۆ هەیە.

**گۆر:** نەخش

**گۆزەر:** باڵندەیەکە

**گۆلم:** پڕ بە دەستێك. لوێچ

**گۆوان:** نەرم بوونی شتی سفت بە هۆی کوترانەوە. مەمکی کوتراوە لەبەر هەرمی مەرۆیێ.

**گۆوەند:** شایی‌و هەڵپەڕکێ

**گیشەکەر:** تێلیکێش، ئەو ژنەی سوارەی دووروای کۆدەکاتەوەو دەیکا بە گیشەو گەڵاوێژ

(ل)

**لانك:** بێشکە، دەرگووش، ماتك

**لایق:** لێوەشاوە. شایستە

**لباد:** لاکێشەیەکە لە لوا (بەرگن) دروست دەکرێ. بۆ لە سەر دانیشتن‌و لە سەر نووستن بە کار دێ.

**لەزگە:** خەریکە، وەختە

**لەگەر:** لەگەڵ

**لفکە:** چمکی هەوری‌و هیزارو شەدەو جامانە.

**لێ:** بۆ

**لویرك:** رووڵك. رووڵ، ریل. ژاڵە

**لێڕ:** جەنگەڵ، دارستانی سروشتی

(م)

**مەحت:** مەدح، پێدا هەڵدان

**مەڕێ:** سوارەی درواوەی دەغڵ

**مەسرەت:** پێك هێنانەوەی نەیاران.

**مەعلاندن:** مەشق پێکردن

**مەعنەك:** ئەسپی رەسەن و تەوسەن

**مەکرێ:** ئۆینباز، فێڵباز

**مساسە:** لاپووتە. دارێکی درێژە ئاسنێکی پانی لە سەرەکەی گیراوە. لە رۆژی قوڕدا، جوتیار قوڕی پێ لە هەوجاڕ دەکاتەوە.

(ن)

**نەکوو:** نەوەك

**نووشتی:** دوعایەکە لە کاغەز دەنووسرێ. بە شێوەی سێگۆشە یان چوار گۆشە دەنووشتێنرێتەوەو لە شەمێ دەگیرێ و لە جلو بەرگ دەدوورێ

(ه)

**هەوك:** گەروو، مل

**هەوێز:** شوینی راگرتنی مەڕ لە بەر ماڵان

**میزار:** چەفیەی سەری ژنان

**هێسک:** ئێسقان. سووقان

(و)

**وکی:** وەکوو، وەك

**وۆشە:** واشە، باشووکە. لە باز بچووکترە

***



# HENDÊ BESTEY KURDY

EZIZ GERDY

چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

AWER 270

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بلاوكردنەوە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

Cover: Akar Jalil